# قەیرانی ڕێبازی لێکۆڵینەوە



پ.د.زاهیر لەتیف کەریم

ئەم لێکۆڵینەوەیە، بە پێی ڕێبازی لێکۆڵینەوە و ڕەخنەیی، هەوڵێکە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی لێکۆلینەوەی نوسەر (دکتۆر  سەردار احمد حسن گەردی) مامۆستای بەشی زمانی کوردی –کۆلێجی پەروەردە / زانکۆی سەلاحەدین ، بەناونیشانی "ڕۆمانسیەتی هەردی و کاریگەری کۆمەڵەی ئەپۆلۆ " کە بڵاوکراوەتەوە لە گۆڤاری زانکۆی سلێمانی بەشی B ژمارە 16 کانونی یەکەم 2005.

**لەڕووی ڕێبازی لێکۆڵینەوە:** زۆر بەکورتی، ڕێبازی لێکۆڵینەوە، لەڕێگەی لێکۆڵینەوە و پشکنین و ووردەکاریەوە، بریتیە لە گەڕان بەدوای مانا و ڕاستیەکاندا کە لەخاڵی نادیارەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە خاڵێکی دیاریکراو ئەویش بەپێی زانستێکی لۆجیکی کەدەتوانێت بنەما گشتی  و تاکەکان پێکەوە گرێ بدات و کۆمەڵێ بەڵگەی باوەڕپێکراو و داهێنەرانە بکاتە بەردی بناغەی ئەو بنەمایانە و خاوەنەکەی بتوانێت دەست نیشانی کێشەیەك یان چەند کێشەیەك بکات و هەوڵی چارەسەری بابەتیانەیان بۆ بدۆزێتەوە بەبێ ئەوەی ئارەزووی تایبەتی پێوە دیاربێت. ئەم ڕێبازی لێکۆڵینەوەیە مەرجە باوەڕی بەنوێکاری سەردەم هەبێت و کاری قایلکاری لەسەر خوێنەر دروست بکا. قایلکاریش

بەمانا سادەکەی نا ، بەڵکو دەبێت ئەو ڕێبازە بۆچوونێکی لادروست بێت کە خوێنەر بەتایبەت نموونەیی، بەئاسانی قایل نەبێت بەشتەکان، ئەو کاتەش ڕێژەی خوێنەری نموونەیی لەزیادبووندا دەبێت و وەك پەیوەستێکی مەعریفی یان زیرەکیەکی ئارتیفیشاڵ (اصطناعي) هەمیشە بەدوای پرسیارەکاندا دەگەڕێت. فاکتەری ئەم قایلکاریەش خۆی لەم بازنانەی لای خوارەوەدا دەبینێتەوە:

- لادان لەشێوازو بیرو فیکری ڕێباز و خۆترازاندن لە کەرەستە دیار و ڕۆتینەکان. سەردەمی ئەمڕۆ سەردەمی پسپۆریە تایبەتیەکانە نەك گشتیەکان. بۆ نموونە (کۆهین) یەکێکە لەبەرپرسانی پرۆگرامی "دوای بونیادگەری" و (جۆلیا کرستیڤا)ش بە "دەق ئاوێزان" .هەریەك لەم زاراوە و پرۆگرامانە بەپێی لۆجیکێکی زانستی و مەعریفی خوڵقاوە و جەماوەری خۆیان هەیە. بەم پێیە دەشێت بوترێت ڕێبازی لێکۆڵینەوەی سیاقی بەهۆی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دەقی (نصي) بۆتە ڕێبازێکی مێژوویی و ترادیشنەکانی خۆی لەدەست داوە. زۆرینەی خوێنەر ئەمڕۆ ئارەزووەکانی بەرەو نوێیەکە دەچێت. ئەم گواستنەوەیە لەجۆری ڕێباز و خوێنەر پێویستی بە بوێری (الجرأة) هەیە.لەلایەکی تریشەوە سەردەمیش وەك پرۆسەی گەشەی مەعریفی لەهەوڵی سەرکوتکردنی یاسا مێژوویەکاندایە. لێرەدا پێویستە ئاماژە بکرێت کە ڕێبازی لێکۆلێنەوەی دەقی بەپێی یاسای عەقڵی کاردەکات وە لەپێناو دەستنیشان کردنی سنوور و جومگەکان وپڕکردنەوەی بۆشاییە فیکری و مەعریفیەکان پەنا بۆ کۆمەڵێ زانستی پراکتیکی وەك ئەندازە و فیزیا و کیمیا و زانستی بۆماوەزانی ....هتد دەبات، ئەمەش بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە خێراییانەی سەرجەم بوارەکانی زانست و تەکنەلۆجیایە لەجیهاندا کەرێبازە سیاقیەکان بێ توانایە بەرامبەر لێکۆڵینەوەکانیان.
- دوورکەوتنەوە لەفرە ڕێبازی :

لەرێبازە سیاقیەکاندا، لە یەك کاتدا، چەند ڕێبازێك وەك مێژوویی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بەکار دەهات، بەڵام لەرێبازی دەقیدا پێویستە جەخت بخرێتە سەر یەك ڕێباز و لێکۆڵینەوە کە بەپێی سیستەمی ئەو ڕێبازە کارەکانی ئەنجام بدات . واتە فرە ڕێبازی یان تێکەڵی لەرێبازەکاندا کاریگەر نابێت لەسەر دۆزینەوەی هێڵی ئامانجەکانی لێکۆڵینەوە و دووردەکەوێتەوە لە مەبەستە سەرەکیە دەستنیشان کراوەکان.

- باوەڕهێنان بە ڕێبازە جیهانیەکان بەدەر لە ئایین وجوگرافیا و دۆگما. لەنێو جیهانی پسپۆڕیدا کۆمەڵێ ڕێباز و بنەمای ئەدەبی و ڕەخنەیی و کتێبخانەو ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت رووبەرێکی فراوانیان داگیرکردوە و هەمووشیان لەهەوڵی ئەوەدان جۆری خوێنەر لەئاساییەوە بگۆڕن بە نموونەیی تا بتوانن ئامادەبوونێکی کاریگەریان هەبێت لەسەر دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و هونەری. هەر ئەم ڕێبازانەیە ،وەك کار، دەگەڕێن بەدوای شتە نادیارەکاندا وەك ئەوەی بڵێت چی بکەین بۆ ئاییندە و چۆنیش؟ لەهەموو ئەم حاڵەتانەی کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، نووسەریش پێویستە لەژێر چەند مەرجێکی زانستی و مەعریفیدا بێت بەپێی ئارەزووەکان و بەدەر لەیاساکان کار نەکات ،بەمانایەکی تر پێویستە پسپۆڕ شارەزا و ئەکادیمی بێت.

ئەگەر بەوردی سەیری ئەو لێکۆڵینەوەی سەرەوە بکەین، کە ئاماژەمان پێدا، بەئاشکرا دەبینین لێکۆڵینەوەکە، بەشێوەکی گشتی، بەدەرە لەو بۆچوونانەی سەرەوەمان، نەك ئەو ڕێبازەی کە نوسەر بەکاری هێناوە دوورە لەبنەما ڕێبازیەکانی سەردەم بەڵکو ڕێباز (میتۆد)بەمانا زانستی و

ئەکادیمیەکەی وونە لەباسەکەدا. لێرەدا لە ناونیشانەوە دەست پێدەکەین: ناونیشانی باسەکە دوولایەنە، لەلایەکەوە باوەڕ هێنانە بەڕۆمانسیەتی هەردی و تواناکانی لەم ڕێبازە ئەدەبیەدا و جووداکردنەوەی لەوانی تر. لە لایەکی تریشەوە باوەڕهێنانە بە هێزی قوتابخانەی ئەپۆلۆ کە بە پێی نوسەر کاریگەریەکی قوڵیان لەسەر "هەردی" دروست کردووە. بەهۆی فراوانی زاراوەی رۆمانسیەت و پێناسەکانی، ئەم ڕێبازە بەپێی کات وجێگا لەگۆڕاندایە و هەر ئەدەبە و نوسەرە لە هەوڵی دەربڕینی خەسڵەتەکانی دایە تا بیان گونجێنێت لەگەڵ کەسێتی ئەدەبی و نەتەوایەتی. بۆیەکیشە وتراوە ڕۆمانسیەتی ئینگلیزی یان عەرەبی یان کوردی یان فەرەنسی یان ڕۆمانسیەتی کیتس و شیلی وگۆران و السیاب و هەردی. بۆ نموونە هەردی کە بەیەکێك لەئەندامانی ئەم ڕێبازە لەڕۆمانسیەتی کوردیدا ئەژمار دەکرێت، بەدرێژایی تەمەنی شیعریی دڵسۆزانە کاری بۆ کار و بەرنامەی ئەم ڕێبازە کردووە. بێگومان کاریگەری دیار و نادیاری نوسەرانی ناوەوە و دەرەوەی ئەدەبەکەشی لەسەرە لەکۆتایشدا توانیویەتی ئەنجامێك لەڕووی فیکری و هونەری و مەعریفیەوە بۆشیعریەتی کورد تۆمار بکات وەك ئەوەی بیەوێت شانبەشانی پیرەمێرد و شیخ نوری و گۆران و ڕۆسۆ و بایرن و شیلی بەشداری لەپرۆسەی ئەم ڕێبازەدا بکات وەجوڵەیەك بدات بە پێوانە شیعریەکان و ڕۆڵێك بدات بەئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردی، ئەمەش بەیارمەتی هەستەکانی خود و خودەکان و ئەوشتانەی دەوری دابوون. هەر لێرەشەوە دەکرێت دەستنیشانی کەسێتی ڕۆمانسەیەتی کوردی بکەین کە لەبنەڕەتدا خۆی لەدوو وێنەدا دەبینێتەوە:

**یەکەمیان:** گۆڕانکاری لەشێوە و شێوازی ڕدم و مۆسیقا ئەویش بەگەڕانەوە بۆ کێشە خۆماڵیەکان، لەبەرئەوەی ،وەك گۆران دەڵێت، زیاتر لەگەڵ خەسڵەتەکانی زمانی کوردیدا دەگونجێت. نوسینەکانی شێخ نوری شێخ صالح لەڕۆژنامەی (ژیان)دا 1925 وە شیعرە ڕۆمانسیەکانی گۆران بەڵگەی سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیەن.

**دووەمیان:** گۆڕانکاری لەڕژێمی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەویش لە ڕێگەی دەربڕینە لیبراڵیەکانی گرووپە بۆرژوازەکانی سەردەم بوو کەپیرەمێرد و شێخ نوری و گۆران و رەشید نەجیب و بێکەس پێشرەویان دەکرد کە لەبۆچوونەکانیاندا قووتاربوونێکیان تێدابوو لە دەسەڵاتی کلاسیك و چینی باڵا و دەرەبەگ و کۆنەپەرستان کە ئەمەش لە سێ وێنەی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە:

**یەکەمیان:** گەڕان بەدوای خود و جووت بوونی لەگەڵ جوانیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سۆزداری و سروشت و ئەندێشە و بچووکردنەوەی وێنە بەرینە ڕاوەستاوەکانی بۆ وێنەی دیار و بینراو و جوڵەکان. "بەهەشت و یادگاری" گۆران و "ڕازی تەنیایی" هەردی نموونەی ئەم وێنانەن.

**دووەمیان:** پشتگیری کردن لە چینی جوتیار و دژایەتی هێزی دەسەلات (دەرەبەگ) .

سێیەمیان: پشتگیری کردن لەسیستەمی نەتەوایەتی و ڕزگاربونیان لەدەسەڵاتی داگیرکەر.. "قالەی ئایشە خان"ی گۆران و "بیست وحەوت ساڵە"ی بێکەس نموونەی ئەم وێنەیەن کە سەرجەم ئەمانەی سەرەوە تایبەتمەندی بۆ ئەدەبی نەتەوایەتی کوردی دروست دەکەن کە جیاوازە لەگەڵ هەلومەرجی سەرهەڵدانی ڕۆمانسیەتی ئەورووپی وعەرەبی وەك نموونە و بەراوورد. نوسەر (د.سەردار) ئەم هێزە تەنها دەبەستێتەوە بەکاریگەری کۆمەڵەی ئەپۆلۆ لەکاتێکدا بەئاشکرا لەڕێبازی ڕۆمانسیدا چەندین لێکچوون بەدی دەکەین کە بەئاسانی ناتوانین دەست نیشانی خاڵی کارتێکردن




وکارتیکراو یان پەیوەندییە مێژوویەکان بکەین. بۆ نموونە: ڕۆمیۆ جولێتی شکسپیر و مەم وزینی خانی و هیلۆ بیرەکەی ڕۆسۆ و ئازارەکانی ڤارتەری گۆتە و بولبول و گوڵەکەی ئۆسکار وایڵد..... زیاتریش. لەڕووی ڕووداو و ناوەڕۆك و کەس و کەسایەتیەکان زۆر لەیەکەوە نزیکن. واتە ئەگەرچی شاعیر و نوسەرە ڕۆمانسیەکان لە چەندین خاڵدا جۆرە هاوبەشیەکیان هەیە وەك پەنابردنە بەر سۆز، ئەندێشە، خود، ئافرەت، سروشت، ئازار و ڕەشبینی باوەڕ هێنان بەکارو بەرنامەی ئەم ڕێبازە، بەڵام هەر نوسەرە خاوەنی کەسێتی خۆیەتی و بەئاسانی ناتوانین ئەم کەسێتیە ڕەت بکەینەوە یان بیکوژین.

بەپێی سەرچاوە مێژوویەکانی هەردی شیعریەتی شاعیر لەدووکەناڵەوە سەری هەڵداوە:

**یەکەمیان:** شاعیرانی سەردەم وپێش سەردەمی ئەدەبەکەی خۆی .

**دوومیان:** نوسەر و شاعیرانی نوێی عەرەب بەنموونەی منفلوطی و شاعیرانی مهجر وەك جبران و میخائیل نعیمە و کە ئەمانە وجگە لەشاعیرانی رۆمانسی عەرەبیش لەژێر کاریگەری شاعیرانی رۆمانسی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەڵمانی بوون. هەردی باس لەشاعیرانی ئەپۆلۆ ناکات کە کاکی نوسەر هەم نیوەی ناونیشانەکەی بۆ تەرخان کردووە و هەم لەلاپەڕە (21) دا بەبێ سەرچاوە دەڵێت "دیارە جگە لەم سەرچاوانە گۆڤاری (هیلال" و ئەپۆلۆش لەگەڵ دیوانی شاعیرانی ئەپۆلۆ لەکتێبخانەکانی بەغدا چنگ کەوتوون. هەردی ئاگاداری تەواوی بەرهەمی شاعیرە تازەگەرەکان بووە و چێژی لەشیعرەکانیان وەرگرتوە وپێیان کاریگەر بووە" (6: 21) کەئەمە بەکەم کردنەوەی هێزو توانا و سەلیقە و داهێنانی شاعیر دەشکێتەوە هەروەك لەئەنجامەکەشدا کاکی نوسەر خۆشی جەختی خستوتە سەر کە دەڵێت: "کاریگەری شیعرەکانی (علي محمود طە) بەجۆرێکە هەندێك لەشیعرەکان یان وێنەکان ئەوەندە لەیەکەوە نزیکن هەروەك یەك بن وان" ( 6: 38) ، یان لەبێ ئاگاییەوە –لەڕووی ڕێبازی لێکۆڵینەوەوە– دەست نیشانی ئەم ناونیشانەی کردووە ئەویش بەبەڵگەی هەڵەی ناونیشانەکە کەلەڕووی سیمانتیکەوە دەبوو بەم شێوەیە بێت: "کاریگەری کۆمەڵەی ئەپۆلۆ لەسەر هەردی" چونکە ستراجیەتی نوسەر لە نوسینەکەیدا لەوەدایە کە قورسایی بخاتە سەر کاری ئەدەبی بەراوورد + کاریگەری + کۆمەڵەی ئەپۆلۆ بەنموونەی هەردی. واتە وەك لە ناوەرۆکی باسەکەدا هاتووە، دەرخستنی هێزو توانای ئەم کۆمەڵەیەیە لەسەر هەردی ئیتر چۆن دەشێت هەردی لەبەشی یەکەمدا ناوزەند بکرێت و کۆمەڵەش بەپلەی دووەم.

**ئەدەبی بەراوورد:** لێرەدا پێویست ناکات بە ووردی بچینە نێو ئەم زانستەوە، سەرچاوەیەکی زۆر بەکۆن و تازەوە لەبەر دەستدایە کە بەووردی و درێژی باس لە ستراتیجیەتی ئەم ژانرە ئەدەبیە دەکەن و خۆی لەچەندین بۆ چوونی نوێدا دەبینێتەوە.. ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئێمە بێت ئەوەیە

کەنوسەر خوێندنەوەیەکی باشی نەبووە لەسەر ئەم زاراوەیە وقوتابخانەکانی بە فەرەنسی وئەمریکی وسۆڤیەتی وئینگلیزی وبونیادگەری وسیمیائیەوە.. بەڵگەشمان بۆ ئەم لاوازی زانیاریە ئەوەیەکە، هەروەك لەناونیشان وبەشێك لەناوەڕۆکەکەیدا هاتووە. نوسەر، وەك پێشتر ئامانژەمان پێدا، مەبەستێتی قورسایی بخاتە سەر کاری کاریگەری .... کاریگەریەکەشی بەپێی قوتابخانەی فەرەنسی ئەنجامداوە کە نوسەر خۆیشی ئامانژەی پێداوە لە کاتێکدا دەڵێت: " ئەم کاریگەریەش دەکەوێتە خانەی ئەدەبی بەراووردکاری و لەئەدەبی بەراووردکاریش دەکەوێتە قوتابخانەی فەرەنسی"(6: 21). بەڵام نوسەر لەدەست نیشان کردنی وێنەهاوبەش و کاریگەریەکان بەهیچ جۆرێك بەڵگەی مێژووییمان بۆ ناهێنێتەوە کەئەمە دوورە لەبۆچوونەکانی قوتابخانەی فەرەنسی... ئەم قوتابخانەیەش بەپێویستی دەزانێت کەجۆری پەیوەندییە مێژوویی وکاریگەریەکە دەست نیشان بکات و ئەو ئاست وڕێژەیە چەندە کەکاریگەریەکەی دروست کردووە، یان ماوەی کارتێکردنەکە چەند فراوانترە لەکارتێکراو. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەباسەکە بەپێی ڕێبازی لێکۆڵینەوە بەهەڵە تۆمارکرابێت، چونکە ناشێ و ناگونجێت، بەپێی قوتابخانەی فەرەنسی کاریگەری بەبێ بەڵگە پەیوەندی و مێژوویەکان. بەدەر لەنەبوونی بەڵگەکان نوسەر کەوتۆتە هەڵەی شێوازی و ڕێبازیەوە وەك ئەوەی دەیەوێت جەخت لەسەر بوونی کاریگەری بکات بەبێ ئەوەی ڕێژەکەی لەسەر هەردی بزانین ،لەلایەکەوە دەڵێت: " هەردی وێنەیەکی دووبارەی (علي محمود طه)ی ئەپۆلۆیە" (6: 8) . لەلایەکی تریشەوە دەڵێت: " کاریگەریەکە شتێکی زۆر ئاساییە لەنێو میللەتاندا" (6: 8) یان دەڵێت: " هەردی توانیویەتی پارێزگاری لە ڕەسەنایەتی خۆی و ئەدەبەکەی بکات و وێنەکانی زۆر جوانترە لەوێنەکانی ئەپۆلۆ" (6: 8) .کەهەریەك لەم خاڵانە دژایەتی لەگەڵ ئەوی تریان هەیە.

**کێشەی لێکۆڵینەوە:** ئاشکرایە، لێکۆڵینەوە بە هەموو زانستەکانیەوە –تیۆری وپراکتیکی– پێویستە دەست نیشانی کێشەو چارەسەرەکان بکات. ئەوەی تێبینی دەکرێت لەم باسەدا نوسەر هیچ کێشەیەکی نەخستۆتە بەردەم خوێنەر تا چارەسەریان بکات ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە باسەکە بەگشتی دوورە لەبازنە و کەرەستەی ئەکادیمیەوە ، لێرەدا، بەپێی گریمانە، پێویستە بڵێین کیشەکەی هەردی بەرامبەر ئەپۆلۆ چی یە و لەکوێدایە؟ ئایا کیشەکە خۆی لەم پرسیارانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە؟:

- ئایا هێزی شیعری هەردی بەرامبەر ئەپۆلۆ گەورەیە یان بچووکە یان بەپێچەوانەوە؟
- ئاشکراکردنی ڕاستیە شیعریەکانی هەردی بەرامبەر ئەپۆلۆ چی یە؟.
- ئایا ئەپۆلۆ سەرچاوەی مەعریفی شیعری هەردی یە؟.
- ماوەی داهێنانەکانی هەردی بەرامبەر بە ئەپۆلۆ چەندە؟.
- ئایا کەسێتی هەردی کەسێتیەکی ڕەسەنە یان دروستکراو یان لاواز؟.
- ئایا ئاستی ڕۆشنبیری و ڕووناکبیری هەردی بەرامبەر بە ئەپۆلۆ چەندە؟ واتە ئەم لێکۆڵینەوەیە چەند خزمەت بەهەردی و ئەپۆلۆ دەکات یان چەند خزمەت بەنەتەوەی کورد وعەرەب دەکات؟
- هەستکردن و تێگەیشتنی هەردی بۆ دەقەکانی ئەپۆلۆ لە چ ئاستێکدایە؟

بەمانایەکی تر دەشێ بووترێت نوسەر ئەگەر چی پێویست بوو دەستنیشانی کێشەیەك یان چەند کێشەیەکی بکردایە، بەڵام کێشەیەکی بۆخۆی دروست کردوە کەبەلای تیۆرە ڕەخنەییە نوێیەکانەوە گەمارۆ دراوە و وەڵامی بۆ ئەو پرسیارانەی کەئاراستەی دەکرێت نیە یان لاوازە..

**شێوازی نوسین:** بەئاشکرا لێکۆڵینەوەکە شێوازێکی داڕشتن و سادەیی پێوە دیارە کە زۆر دوورە لەجیهانی ڕەخنەیی و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نوێ.لەهەمان کاتدا شێوازەکە مۆرکی شێوازی ڕاپۆرتی ئامادەکراوی پێوە دیارە کە لەزۆر حاڵەتدا ئەگەر ناوی هەردی بگۆڕین بە شاعیرێکی تر ئەوا هیچ گۆرانکاریەك لە بیرەکەدا ڕوونادات... لەپاڵ ئەمانەشدا، شێوازەکە شێوازێکی وەسفیە و بەبێ ئەوەی بچێتە ناو قوڵایی دەق و بۆ چونەکانیەوە. بەڵگەی ئەمانەش: بڕوانە پێشەکی بەندی یەکەم (لاپەرە 8–10) یان ئەنجام (لاپەرە 38) کەشتێکی دوورە لەلێکدانەوە و هەڵسەنگاندن، ئەم سادەییە لەلایەکەوە پەیوەستە بە هێزی نوسین و هەڵسەنگاندنی نوسەرەوە کە خۆی لەڕێبازێکی کۆنی بێ ئەنجامدا دەبینێتەوە . لەلایەکی تریشەوە ئەو سەرچاوانەی کە بەکاری هێناون، زۆربەی هەرە زۆریان کۆنن و هێز و کاتیان بەسەر چووە ناتوانن کار بکەن بەرامبەر بە ڕێبازە ڕەخنەییە نوێیەکان.

سەرەڕای ئەمانە نوسەر لەبۆچوونەکانیدا لاوازە و لەخاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر دژایەتی خۆی دەکات یان بەهەڵە لەبنەماکانی ڕێبازی ڕۆمانسی تێگەیشتووە یان وەرگرتنەکانی لەشوێنی پێویست و تایبەتی خۆیاندا نیە. بۆنموونە لەبەندی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەدا نوسەر دەڵێت: "ڕۆمانسیەت ئەو ڕێبازە ئەدەبیەیە کەپشت لەعەقڵ دەکاو لەسەر بنچینەی خەو و خەیاڵ خۆی بنیات دەنێت" (6: 8)، هەر دواتریش دەڵێت: " خەیاڵیش ئەو هێزە خولقێنەرەیە کە بەهۆیەوە عەقڵ دەتوانێ بچێتە ناخی ڕاستیەکانەوە" ( 6: 8)، سەرچاوەی ڕێبازە ئەدەبیەکان ئەوە دەسەلمێنن کە عەقڵ بناغە و پێوەرە بۆ فەلسفەی جوانی ئەدەبیاتی کلاسیکی و نامە کۆمەڵایەتیەکەی کەخۆی لەنێو چێژو بەرژەوەندیدا دەبینێتەوە تا بۆتە لۆجیکی ڕێبازەکە. وەك ئەوەی سۆز و هەستەکان هەموو لەژێر کۆنترۆڵی یاسا عەقڵیەکاندا بێت. بەڵام ئەم عەقڵە بەهۆی زاڵ بوونی خود و هێزی خەیاڵەکان لەئەدەبیاتی ڕۆمانسیدا داماڵراوە و بوونەکانی لێ سەندراوەتەوە. فەیلەسوفی ئەڵمانی کانت (1724 – 1804 ) وای بۆ دەچێت کەهەستی مرۆڤ، بەدەر لەعەقڵ، دەتوانێت بەدوای مانا و زانیاریەکاندا بگەڕێت کەلەڕێگەی بیرکردنەوەی کەرەستەکانی جیهانی دەرەوە ئەنجام دەدرێت (10 :30)، هەرلەبەر ئەمەش ڕۆمانسیەت هەستکردنە بەمانا راستیەکانی سۆز کە لە دەرەوەی بازنەکانەوە سەر هەڵئەدا. لێرەدا خود ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت بۆ ئەم گەڕانە، بەڵکو لەمە زیاتر خود خۆی دەبێتە بونەوەرێك بۆ دروست بوونی بابەتەکانی جیهانی دەرەوە، هەتا خودەکانیش لەنێو خۆیاندا جیاواز بن ئەوا وێنەو بابەتەکانیش جیاواز دەبن.

یان نوسەر دەڵێت گەڕانەوە بۆ سروشت "بۆ ئەوە نیە لاسایی سروشت بکەنەوە، بەڵکو کەئەو کەلێنانەی کەسروشت نەیتوانیوە پڕیان بکاتەوە ئەوان –ڕۆمانسیەکان– بەداهێنانەکانیان تەواوی بکەن"(6: 8)، لێرەدا پابەند بوونی ڕۆمانسیەکان بەرەو سروشت ومانەوەیان لەباوەشی جوانیەکاندا بۆ ئەوە نیە کە ئەم ڕۆمانسیانە بۆکاری وانە وتنەوە و فێرکردنی سروشت چووبن، بەڵکو، هەروەك هەموو سەرچاوەکان جەختی لەسەر دەکات ،کەنازانم بۆچی نوسەر بێ ئاگایە لێی، هەڵهاتنە لەدەست هێز و دەسەلاّتی شار و کارە ناشرینەکانی. سروشتیش ،بە بەرامبەر، مەڵبەندێکی فیکر و بیرکردنەوەیە و یاریدەدەرێکی باشە بەرەو چاکسازی و رزگاری و دۆزینەوەی ماناکان. یان دەڵێت: "لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی سەرەتا لەڕێگەی ئەدەبی تورکییەوە دواتر لەڕێگەی ئەدەبی عەرەبی وئینجا لەڕێگەی ئەدەبی ئینگلیزیەوە ڕێبازی ڕۆمانسیەت هاتە نێو ئەدەبی کوردیەوە" (6:

9). سەرچاوە رۆمانسیەکانی ئەدەبی کوردی تێکڕا جەخت لەسەر دوو شتی سەرەکی دەکەن: یەکەمیان زەمەنی لەدایك بونی ڕۆمانسیەت لەشیعری کوردیدا کە پەیوەستی دەکەن بەو شیعرانەی کە زیاتر لە دوای وتارەکانی شێخ نوری شێخ صالح نوسراون کە بەشێوەیەکی ڕاست خۆی لەسالآنی (سی) دا دەبینێتەوە. دووەمیان ئەو کەنالآنەی کەئەم ژانرە ئەدەبیان گواستۆتەوە بۆ ئەدەبەکەمان کەئەویش ئەدەبیاتی فجری ئاتی و سەروەتی فنونی تورکی بوون، دواتر شیعری ئینگلیزی ڕۆڵی بەرچاوی بۆ گۆران بینی. سەبارەت بەشیعری ڕۆمانسی عەرەبیش بەنموونەی ئەپۆلۆ یان مهجر یان الدیوان شتێکی ئەوتۆ نەوتراوە کە جێگەی وەستان بێت.. بۆ نموونە پێشەنگەکانی ڕۆمانسی کوردی ( پیرەمێرد ، گۆران ، شێخ نوری....) باس لەو قوتابخانانە ناکەن کە ئەپۆلۆ کە لەساڵی 1932 دامەزرا ڕۆمانسەتی کوردی لەدایك بوو بوو،هەرچی هەردیشە ئەوا ئەم شاعیرە سەربە قۆناغی دووەمی ڕۆمانسیەتی کوردیە و خوێندنەوەکانی بۆ منفلوطی ومیخائیل نعیمە و جبران و گۆڤاری (الرسالة)ی میصری تەنها وەك خۆی دەڵێت: "سەرنجیان دەربارەی شیعر گۆڕیوە" ( 6 : 21 ) ئەمەش دوای ئەوەی تۆوی ڕۆمانسیەت پێشتر چەکەرەی کردبوو هەردیش کەوتبووە "ژێرکاریگەری مامۆستا و شاعیرەکانی ئەودەمە"ی کورد.

نوسەر هەردوای قسەکەی سەرەوەی بۆجەخت کردنە سەر رایەکەی خۆی، پەنا بۆ بۆچوونێکی (د.خەزنەدار) دەبات کە بە تەواوەتی دژایەتی لەگەڵ قسەکەی خۆیدا دەکات. خەزنەدار دەڵێت: "لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی ڕێبازی ڕۆمانسیەت لەئەدەبی کوردیدا لەژێرکاریگەری ئەوروپی سەری هەڵدا. لەناوەڕاستی چلەکان وسەرەتای شەستەکان بەشێوەیەکی بەرچاو قبوڵ بووە و لەسەر دەستی هەریەك لە شاعیران (پیرەمێرد و گۆران و سەلام و نوری شێخ صالح و دڵدار و هەندێکی تر"( 6: 9) بەر لەهەموو شتێك ئەم وەرگرتنە بە ئاشکرا دوورە لەبنەما زانستیەکانەوە لەکاتێکدا هیچ سەرچاوەیەك لەرووی مێژووییەوە نەیوتووە رۆمانسیەتی ئەوروپی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی کوردیەوە بەتایبەتی شیعر ، لەلایەکی تریشەوە رۆمانسیەت لە رۆژهەلآت بەشێوەیەکی گشتی و لە کوردستان بەتایبەتی بەهۆی جەنگی دووەمی جیهانی بەرەو پوکانەوە دەرۆشت و ڕێبازی ریالیزم بەشێوازی ڕەخنەگرانە وسۆشیالستانە تەنگی پێ هەڵچنیبوو ،ئەو شاعیرانەی سەرەوە کە خەزنەدار ئاماژەی پێ داون زۆربەی هەرە زۆریان لە شەستەکاندا لەژیاندا نەمابوون . یان دەڵێت: "هەردیش لەوکاتەی هاتە ناودنیای شیعرەوە رۆمانسیەت لە ئەدەبی کوردیدا لە برەودابوو کلاسیکیەت بەسەر چووبوو" (6: 9). هەر دوای وشەیەك نوسەر دژە واتایەك لەگەڵ خۆیدا دروست دەکات و دەڵێت: " سەرەتای دەست پێکردنی شیعری دەگەڕێتەوە بۆسالآنی 1936 –1938 ..بەشیعری کلاسیکی دەستی پێکرد" (6: 9). هەر دوای یەك وشەی تر بۆ سوربوون لەسەر قسەکەی خۆی وەرگرتنێك کە دەگەڕێتەوە بۆ کاکەی فەلاح دەخاتە بەردەممان و جەخت لەسەر رۆمانسیەت دەکات نەك کلاسیك لەکاتێکدا دەڵێت: "هەر لەسەرەتای تەمەنی شیعریەوە تامەزرۆی بابەتێکی رۆمانسیانەی وەهابوو"(6: 9 ). هەردوای ئەم وەرگرتنە یەکسەر دژەیەکی تر قوت دەبێتەوە و نوسەر دەڵێت وەك ئەوەی بەهیچ جۆرێك ئاگای لە قسەکانی پێشووتری خۆی نەمابێت دەڵێت: "خۆی لەشیعری کلاسیك دوور خستەوە" (6: 9 ).

هەر دوای ئەمانە نوسەر یەکسەر دێتە سەر قۆناغی ڕیالیزمی شاعیر و بیری چۆتەوە کەپێشتر باسی لە ڕۆمانسیەت کردووە و ناونیشانی بابەتەکەی بۆ ئەو مەبەستە تەرخان کردووە، نموونەی ئەم ریالیزمەش شیعری "ئازادی خوای کوردین ئێمە"ی شاعیرە کەبەهیچ جۆرێك باسێك یان هەڵسەنگاندێکی بۆ ئەم شیعرە نەکردووە. ئایا چۆن چۆتە خانەی ئەم ڕێبازە ئەدەبیەوە؟ یان بۆچی ئەم سرووده هەڵچوونە ویژدانیە نەچێتە خانەی رێبازی رۆمانسی؟ لێرەدا جێگەی ئاماژە پێکردنە کەدوای ئەم دژە واتایانە نوسەر هەندێك وەرگرتن دێنێتەوە کە دوورو نزیك پەیوەندی بەکارەکەیەوە نی یە، بۆنموونە وتەیەکی ستندال دەهێنێتەوە کە دەڵێت: "رۆمانسیەت لەهەموو دەمێکا هونەری ئەمرۆیە، کلاسیکیەت هونەری رۆژی رابردوو"، یان وەرگرتنێکی خەزنەدار دەهێنێتەوە کە دەڵێت: "شیعرە رۆمانسیەکانی (هەردی) بەوە جیادەکرێتەوە کەناوەرۆکی زۆر جوان دەگرنە خۆیان مۆسیقایەکی خۆشن، چونکە توانیویەتی بەزیرەکی بچێتە ناخی مرۆڤەوە"(6: 9).



پیرەمێرد

تەنانەت نوسەر پرسیارێك لەخۆی و خەزنەداریش ناکات کە بۆچی تەنها رۆمانسیەت ناوەرۆکەکانی جوانە و مۆسیقاکەیان خۆشە.. ئەی چی لەناوەرۆکی رێبازەکانی تر بکەین؟ یان چۆن شاعیر توانیویەتی زیرەکانە بچێتە ناخی مرۆڤەوە و ئەو کەناڵی قایل بوونە چیە کەبوونەتە هۆکاری ئەم کارە؟

لە بەشێکی تری لێکۆڵینەوەکەدا بەناوی "**خاسیەتەکانی رۆمانسیەت لەشیعری هەردی دا**" نوسەر ئاماژە بە"خود" دەدات کەبەشێوەیەکی بابەتیانە نەیتوانیوە پێناسە و کاری گونجاوی بۆبدۆزێتەوە، ئەو وەرگرتنەش وەریگرتووە کە دەڵێت: " شاعیرانی هاوچەرخ هەوڵیان داوە بۆ خودی خۆیان دڵسۆز بن. ئەو کاتەش یاسای دەرەکی لە پێشیاندا دەهەژێ و بەهاو پێوەری باو دەهەژێت. ئەو ساش هەست کردن بەنامۆیی لەلایان دروست دەبێت. لەوانەیە هەندێکیان هەوڵیان دابێت هاوکێشەیەك لەنێوان خود و بووندا بخولقێنن ، بەڵام ئەم هەوڵدانە خود بەرەو لە باریەك چوون

دەبات بۆیە هاوکێشەکە نایەتە دی"( 6 :10). زۆر لاوازەو خزمەت بەلۆجیکی بەبابەتەکە ناکات، لەکاتێکدا نوسەرەکەی نەیتوانیوە پەیوەندی دروست بکات لەنێوان خود و بووندا (6: 10)، نوسەریش یەکسەر پشتگیری ئەم رایە دەکات ئەویش بە نەهاتنەدی هاوکێشەیەك لەنێوان هەردووکیاندا بەبیٚ ئەوەی بیر لەئەنجامی کەسێتی خود بکاتەوە. خود لای هەردوو نوسەر هەوڵ دەدات بەرامبەرەکانیان تێبگەیەنن کە باس لە ئێش و ئازارەکانی خۆد ناکات ،بەڵکو لەئێش وئازاری خودەکانی تر (6: 11). دوابەدوای ئەم وونبوونی خود و بوونی خودەکان لای رۆمانسیەکان نوسەر بۆپشتگیری لەخۆی وتەیەکی (هۆگۆ) دەهێنێتەوە کە بەتەواوەتی پێچەوانەی قسەکانی سەرەوەیە، لەکاتێکدا هۆگۆ جەخت لەسەر هاوتەریبی خود وخودەکان دەکات بەیەك ئاراستە وەك ئەوەی ئازاری خود ئازاری خودەکانە، بەڵام تێگەیشتنی خوێنەرە وەها دەکات کە دوو شتی جیاواز بن. دواتر نوسەر دێتە سەر هەردی و تەنها پەنا بۆ خودی هەردی دەبات وخودەکان رەت دەکاتەوە لەکاتێکدا دەڵێت: "هەردیش وەکو شاعیرێکی رۆمانسی لەهۆنراوەکانیدا لە دەرەوەی ئێش و ئازارەکانی خۆیدا دەسورێتەوە". (6: 11).

**لەبەشی گەرانەوە بۆ سروشت:** نوسەر هەر لەسەرەتاوە کەوتۆتە هەڵەیەکەوە لەکاتێکدا دەڵێت: "رۆمانسیەکان لەو باوەرەدان کە واقع هەژارە ، بۆیە روودەکەنە سروشت" (6: 11) .سەرچاوەکان هیچ باس لەوە ناکەن کە هەڵهاتنی رۆمانسیەکان لەبەر هەژاری واقع بوویێت ، بەڵکو لەبەر دەسەڵاتی واقع بوو کەپربوو لەچەندین گەندەڵی و ئالۆزی وگرفت هەربۆیە دەبینین  شاعیرەکان ئێش و ئازارەکانی خۆیان ئاوێتە دەکەن لەنێو سروشتدا ، چونکە لەژیانی واقعی شاردا ئەوەیان بۆ ئەنجام نادرێت، لەبەر ئەوەی گەمارۆ درابوون بەچەندین هێز و کۆت و دەسەڵات.ئەگەر چی وڵاتی ئێمە وەك ئەوروپا نەبوو لەرووی پێشکەوتن و کارگە و بەرژەوەندیەکانی هێزی دەسەڵات، بەڵام لە هەردی دا کێشەی کۆمەڵایەتی بەدی دەکرێت.. وە هەڵهاتنەکەش لە شار بۆ سروشت بە دڵەراوکیٚ بوو بەو هیوایەی لە گەرانەوەیدا گۆرانکاریەك لەبارە کۆمەڵایەتەکەیدا دروست بکات، کەئەویش خۆی لە گۆرینی هەڵوێستەی خۆشەویستەکەیدا دەبینێتەوە کە نەشگۆرا:

لەدەست شار هەڵدیم ئەچمە ناو گوڵزار          لەوێش هەڵناکەم دێمەوە ناو شار (2 :47)

لەدوابرگەی ئەم بەشەدا نوسەر وەرگرتنێك دەهێنێتەوە کە بەهیچ جۆرێك پەیوەندی بەکارەکەی پێشویەوە نیە و بەشێوەیەکی کتوپر باس لەکاریگەری خەیامی شاعیر دەکات لەسەر هەردی .. کەنازانین ئەم کاریگەریە لەچییەوە هاتووە و چۆن هاتووە، وە کامەیە ئەو بەشەی خەیام کە کاریگەری کردۆتە سەرهەردی؟.

**لەپرسیاری بەلاغی دا:** نوسەر بۆجارێکی تر کەوتۆتە هەڵەیەکی فیکری و هونەریەوە، یەکەم هەتا ئێستا ئەم زاراوەیە نەبیستراوە لەلایەن رەوانبێژیەکانەوە.. مەبەستی نوسەریش ئیستفهامە رەوانبیژیەکەیە نەك گراماتیکیەکە، چونکە لەگراماتیکەکەدا ئیستفهام بریتیە لە دەربرینێکی راستەوخۆی راستەقینە ، بەڵام لەرەوانبیژیەکەدا بریتیە لە داواکردنی زانیاریەك بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ کەپێشتر نادیاربێت. ئەویش بەهۆی یەکێك لەهونەرەکانی رەوانبێژیەوە ئەنجام دەدرێت

وەك خواستن. بەمەرجیش نەگیراوە هەموو دەربرینێکی ناراستەوخۆ بەهۆی هێزی ڕەوانبێژییەوە ئەنجام بدرێت، بەڵکو دەشێ لەپاڵ ڕەوانبێژییەکەدا چەند وشەیەك یان فرەیزێك بۆ مانا فەرهەنگییەکەی خۆیان بەکار بێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەگەر پرسیارێکمان لەدێرە شیعرێکدا دی ئەمە مانای ئەوە نیە پرسیارە و پرسیارەکەش ڕەوانبێژیە. بۆ نموونە کە هەردی دەڵێت:

"چ سرێکت لەناو دڵدا حەشارداوە بەپەنهانی " (2 :84 ) ئەمە پرسیاری ڕەوانبێژی نی یە، چونکە هەمان دەربرین بۆ پرسیاری ئاسایی نارەوانبێژی بەکارهاتووە. نوسەر دەڵێت: " پرسیاری بەلاغی بریتیە لەوەی کەشاعیر خۆی پرسیاربکات و هەرخۆشی وەڵام بداتەوە ( 6 : 16) بەڵام ،وەك دەردەکەوێت، دەربرینەکەی هەردی پێویستی بە وەڵام نیە، چونکە کارەکە تەنها بۆ سەرسوڕمانە. واتە کەهەردی دەڵێت:

کە چاوت چەشنی ئاوێنە وەها بێ پەردە درکانی

ئەمە وەڵامی ئەو دەربڕینە سەرسوڕمانە نیە کە نوسەر مەبەستێتی. هەروەها کە هەردی دەڵێت:

شریتی چی؟ سەراپا سەرگوزشتەی نائومێدیمە

فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەس هێنانی لاویمە ( 2 : 59 )

دیسانەوە لێرەشدا راناوی پرسی (چی) بۆ پرسیاری ڕەوانبێژی نیە، چونکە ئەگەر ئەم سەرسوڕمانەش بگۆرین بۆ پرسیاری نارەوانبێژی ئەوا هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت لەکاتێکدا ئەگەر راناوێك بۆ سەرسوڕمان بەکار هات ئەوا بۆ دەرخستنی ئاستی هەستە بزوێنراوەکە بەکاردێت کە لەزمانی ئاساییشدا ئەو سەرسوڕمانە بەکاردێت.بەمانایەکی قوڵتر ، راناوی پرس کاتێك دەچێتە نێو بازنەی ڕەوانبێژییەوە کە بۆ واتای خۆی بەکار نەیەت و هەموو کەس بەهۆی یاریکردنی خوازە و خواستەوە نەتوانێت وەڵامیان بداتەوە..بەڵکو لەمەش زیاتر لە کاتێکدا گەر بۆ واتایەکی تر بەکاربێت، ئەوا مەرج نیە پێویستی بە وەڵام بێت ، بەڵکو هەر خۆی وەڵام رەت دەکاتەوە (7: دایلۆگ).

بەم شێوەیە تەنانەت لەدوا نموونەی نوسەردا، تێبینی ئەوە دەکرێت ئەو راناوە پرسانەی کە بەکارهاتووە هیچیان پێویستیان بە وەڵام نیە، وە لە توانای هەموو جۆرە خوێنەرێکدا هەیە کە وەڵامیان بداتەوە و پێویستیان بەکەرەستە ڕەوانبێژیەکان نەبێت.

لە بەشی **ڕووداوی کورت وخێرا** : نوسەر هەر لەسەرەتاوە دەڵێت: ڕووداوە کورتەکان کە بەخێرایی تێپەر دەبێت خەسڵەتێکە لەخەسڵەتەکانی ڕۆمانسی(6 :16). هەروەها دەڵێت: "شاعیری ڕۆمانسی ئەو ڕووداوە کورتە لە بچکووکترین دیمەن گەورەترین جوانی دەبینێت وجوانترین وێنە دەکێشێت" (6 :16 –17) . بۆ وەڵامی ئەم خاڵانە : یەکەم ،پێویستە بووترێت کە لە زۆربەی زۆری رێبازە ئەدەبیەکاندا ئەم حاڵەتە بەدی دەکرێت.. تەنانەت شاعیرە ریالیزمەکان ناونیشانێك دەکەنە بەردی بناغەی شیعرەکانیان ، هەر بۆنموونە "ڕازی تەنیایی" یەکەی (هەردی) ش کە ناونیشانی دیوانەکەیەتی مەبەستێتی هەموو شیعرەکانی شاعیر لەخۆدەگرێت..

دووەم، نوسەر پێویست بوو ئاگاداری تیۆرێك بێت کەپێی دەوترێت " چڕی  یان کەڵەکە بوون یان توانای ووزە" کە هەموویان بریتین لە کۆکردنەوەی هەڵچوونەکانی دەرەوە و ناوەوەی دەق و دەربڕینیان بەشێوەیەکی خێرا بیّ ئەوەی کاربکاتە سەر گۆڕینی توانای بایۆلۆجێتی شاعیر. وە ئەم تیۆرە دەشێت پراکتیزە بکرێت بەسەر هەموو جۆرە ڕێباز وشیعرێکدا ، نەك تەنها ڕۆمانسیەت. لەلایەکی ترەوە نوسەر ئەو نموونەی کەهێناویەتەوە و بریتیە لە :

بەڵام کاتیّ کە با چمکی عەباکەی لائەدا تاویّ

ئەڕێژیّ پوزی نایابی، لە سیحری خوایی، لافاویّ  ( 2: 78)

دەستنیشانی وێنەیەکی میتریالیزمی هەردی کردووە لە کاتێکدا "با" چەمکی عەبای کچەکە- خۆشەویستەکەی- لادەدات و پووزی کچە دەردەکەوێت و شاعیر وێنەی دەگرێت.. لێرەدا پێویست بوو نوسەر ، یەکەم ، ئاگاداری ئەم وێنە میتریاڵە بوایە کە دوورە لەفەلسەفەی ڕۆمانسی و دەربڕینەکانی . فەلسەفەکە وادەخوازیّ شاعیر بیر لەقەبارەی جوانی ناوەوەی ئافرەتەکە بکات ،نەك دیوی دەرەوەی .. لەلایەکی ترەوە وەك دەردەکەوێت لە شیعرەکەدا وێنەی تر هەیە پێش ئەم وێنەیەی کە ئێستا ئاماژەمان پێکرد ئەویش تەنها دەرکەوتنی خۆشەویستەکەیەتی کە سەرنجی بەرامبەرەکەی بە ووردی ڕاکێشاوە و هەر ئەم وێنەیەشە وێنەی دووەمی دروست کردووە نەك پێچەوانە.  لەگەڵ ئەمانەشدا نوسەر ئاماژەی بەپارچە شیعرێکی گۆران کردووە کەکاریگەری لەسەر شیعرەکەی هەردی هەیە.. کەباسەکە زۆر دوورە لەم شاعیرە و کاریگەرییەکەی.

لەبەشی **وێنەی هونەریدا:** نوسەر نەهاتووە لە کۆی ئەو هەموپێناسەیەی وتراوە بۆ وێنەی هونەری پێناسەیەکی لۆجیکی گونجاومان بۆ بهێنێتەوە ، بەڵکو دەڵێت: وێنەی هونەری کە ڕەگەزێکە لەرەگەزەکانی شیعر تەنها تایبەت نیە بەشیعری ڕۆمانسیەت ، بەڵکو لەشیعری پێش ئەوان و دوای ئەوانیش .."هەردی"ش لەهۆنراوەکانیدا گرنگیەکی زۆری بەوێنەی هونەری داوە"(6: 18)

بۆ ئەم وتەیەش چەند فرەیزێکی هێناوەتەوە وەك: "گۆڕی تەنیایی ، چاوی فێڵاوی ، چرای ئاوات ، تەلاری دڵداری ....هتد" کەنازانین وێنە هونەریەکانی ئەم فرەیزانە لەکوێدایە و کامەیە! یان پارچە شیعری  (فاتمە دووچاوی مەستت) ی هێناوەتەوە بەبیّ ئەوەی هیچ جۆرە هەڵسەنگاندنێکی بۆ ئەنجام بدات ، یان  دەست نیشانی وێنەکانی کردبێت .. لەسەروو ئەمانەشەوە نوسەر نەهاتووە جۆری وێنەکانمان بۆ نەخشە بکێشێت ،وەك وێنەی ڕاوەستاو، جولاّو ، تاك ،کۆ ، بازنەیی، ئاسۆیی، ستوونی ، میژوویی ، ئەفسانەیی ، داخراو ، کراوە.. هتد.

لە بەشی **کاریگەری شاعیرانی کۆمەڵەی ئەپۆلۆ لەسەر هەردی:** نوسەر زۆر بەسادەیی باس لەم کۆمەڵە دەکات ، کە لە ڕاستیدا ئەم کۆمەڵە کۆمەڵە نەبوو وەك کۆمەڵەی "الديوان" بەڵکو قوتابخانە بوو ، لەبەر ئەوەی سەرۆکی فەخریو سەرۆکیان هەبوو.. گۆڤاری ئەپۆلۆیان دەرئەکرد و تێکڕا پێوەریان بۆ شیعری عەرەبی تازە دادەنا.وە هەندێك وەرگرتنی وەرگرتووە لەسەر چەرخی نۆزدە و سەردەمی البارودي و شوقي و حافظ وکۆمەڵەی الديوان کە یەکەم پێویست ناکات ، دووەم کۆمەڵیّ هەڵەیان تێدایە وەك ئەو وەرگرتنەی کەلەکتێبی "القديم والجديد في الشعر العربي الحديث – واصف ابو الشباب" کە دەڵێت : " تازەکردنەوەکەی  کۆمەڵەی الديوان

لەسەر شێوازی کۆن بوو شێوە قاڵبە کۆنەکانیان دەپاراست وەك یەکێتی سەراو یەکێتی چامە" ، کە پێچەوانەکەی راسترە. سەرچاوەکانی کۆمەڵەی الدیوان ئەوە دەسەلمێنن کە تازەکردنەوەکەیان لەسەر دەستی رێبازی رۆمانسی ئینگلیزیو ئەڵمانیدا بوو بەنموونەی (Byron,Shelley,Browning,Swinburne,Tennyson,Goethe, Heine,Schiller…) (13 :36–41). کە ئەمانیش بانگەوازی گۆرینی شێوە و ناوەرۆکیان دەکرد . دواتر کە دێتە سەر کاریگەریەکە سەرەتا بە هەندێك پێناسەی تایبەت بە هەردی دەست پێدەکات ،ئەگەر چی ئەم پێناسەیە زۆر سادە و ساکارە، بەلأم پێویست بوو هەر لە سەرەتای باسەکەدا بهاتایە.. واتە لەرووی رێبازی لێکۆڵینەوەوە پەسەند نیە ،دوای 20 لاپەرە ئینجا بێتە سەر ئەم پێناسەیە کەلەلایەکەوە هەمووی وەرگیراوە ،وە لەلایەکی تریشەوە هیچ گرنگیەکی تێدانیە بۆ سەر شیعریەتی هەردی و مەبەستێتی بۆ بەکارهێنانی رێبازی رۆمانسی کەدەبوو نوسەر بۆ ئەم مەبەستە هەرنەبوایە ئەو باسەی بەندەی بخویندایەتەوە بەناوی "الوقفة والنقلة عند هردي" گۆڤاری پەیڤین ژمارە( 10 تەمموز ،2003 ). لەهەمان کاتدا نوسەر دەیەوێت بەزۆرەملێی وبەبیٚ هیچ سەرچاوەیەك بڵێت هەردی گۆڤارەکانی هیلال و ئەپۆلۆ و دیوانی شاعیرانی ئەپۆلۆی دەست کەوتووە و خوێندویەتیەوە و سود و چێژی لێیان بینیووە و کاریگەریش بووە پێیان وەك دەڵێت: "دیارە جگە لەم سەرچاوانە گۆڤاری (هیلال) و (ئەپۆلۆ)ش لەگەڵ دیوانی شاعیرانی ئەپۆلۆ لەکتێبخانەکانی بەغدا چنگ کەوتوون. هەردی ئاگاداری تەواوی بەرهەمی شاعیرە تازەگەرەکان بووە چێژی لەشێوەکانیان وەرگرتووە وپێیان کاریگەر بووە. زۆر جار کاریگەریەکە لەشیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە" ( 6: 21) .خۆئەگەر ئەمە راست بێت ئەی بۆچی هەردییەکی راستگۆ لەهیچ سەرچاوەیەکدا باس لەم سەرچاوانە ناکات.لەجیاتی ئەمانە ئامآژەی بەخوێندنەوەی جبران و میخائیل النعیمة و گۆڤاری (الرسالة) کردووە.

لەپاڵ ئەمەشدا ئەو شاعیرانە کێن کە هەردی پێی کاریگەر بووە و رێژەی کاریگەریەکەیان چەند بووە ؟ دواتر نوسەر دێتەسەر هۆکاری کاریگەری هەردی بەئەندامانی ئەپۆلۆ کە دەیگەرێنێتەوە بۆ:

- هەست ناسکی خەیاڵی هەردی و ئەپۆلۆ.
- بیٚ ئومێدی وبیٚ هیوایی هەردووکیان.
- ئاڵۆزی بارودۆخی ناوەراستی چلەکانی کۆمەڵگای کوردەواری کەئەمەی بەستۆتەوە بەئاڵۆزی کۆمەڵگای میصرو رەنگدانەوەی لەسەر ئەندامانی ئەپۆلۆ.

لێرەدا نازانم بۆچی تەنها ئەپۆلۆ هەست ناسك و بیٚ ئومێد و بیٚ هیوا بێت.بۆچی تەنها کۆمەڵگای میصری تەنها لە سەردەمی لە دایك بوونی ئەپۆلۆدا بەئاڵۆزی بژی .ئەوەی ئاشکرایە شاعیرانی رۆمانسی بەکورد و عەرەب و ئینگلیز و ئەڵمان...هەموویان بەپێی سیستەم وخاسیەتی رێبازەکە هەست ناسك بوون خەیاڵی شیعریان زۆر فراوان بووە، بیٚ ئومێدی باڵی بەسەریاندا کێشا بوو .. لەنێو بارودۆخێکی دژواریشدا لەدایك بوون و دەژیان.. ئەمە تەنها پەیوەست نیە بە ئەپۆلۆ ، وەك گریمانە و فزولیەك بۆچی هەردی بە گۆران و پیرەمێرد و بێکەس کاریگەر نەبێت کە هەردی لە نزیکەوە ئاگاداری رەوشی شیعریی و فەلسەفەی ئەم شاعیرانە بوو، تا پێویستی بە الهلال و دیوانەکانی ئەپۆلۆ نەبێت. یان بۆچی هەردی ئێش و ئازاری ئەندامانی کۆمەڵە بەهی خۆی بزانیٚ

هەروەك نوسەر دەڵێت: "ئەمانە هەمووی وای کرد  هەردی ئێش و ئازاری ئەوان بەهی خۆی بزانێ وچێژ لەشیعرەکانیان وەرگرێ وکاری تێ بکەن و لە هەندێ لەشیعرەکانیدا ڕەنگ بدەنەوە"( 6 :22).

کەدێتە سەر بەراوورد، دوور لە زانستی ڕێبازی لێکۆڵینەوەی نوێ، باس لە ژیانی علي محمود طه دەکات و نیوە لاپەرەیەك زیاتری لەگەڵدا بەسەر دەبات کە لە دوور  و نزیك پەیوەندی بەکاری بەراووردەکە و دەقەکانیەوە نیە.

نوسەر لە ڕێگەی دوو هۆنراوەی علي محمود طه بە ناونیشانی "الانتظار" و"بحيرة كومو" وە دوو هۆنراوەی هەردی بەناونیشانی "چاوەڕوانی بێ هوودە" و "خەرمانە" دێتە نێو بەراووردەوە.. سەرەتا بەلێکچوونی "الانتظار" و "چاوەروانی بێ هوودە" دەست پێ دەکات کە خۆیان  لەم بابەتانەی خوارەوەدا  دەبینێتەوە :

**یەکەم:** ناونیشان (ناونیشانی شیعرەکە):

نوسەر دەڵێت: "ناونیشانی هەردوو شیعرەکە یەکە" (6 :25)، بەڵام بە ئاشکرا لەناونیشانەکاندا جیاوازی هەیە. یەکەم بەناوی "الانتظار" دووەم بەناوی "چاوەروانی بێ هوودە" واتە ناونیشانی شیعرەکەی علي محمود طه گشتیە و نازانین جۆری چاوەروانیەکە چیە و چۆنە؟، بەڵام لەوەی هەردی دا جۆرەکە دەست نیشان کراوە . ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت هیچیان لەوەی تریان جوانتر بێت یان بەپێچەوانەوە، بەڵکو هەریەك لەم دوو شاعیرە بەڵگەیی خۆی هەیە، بۆنموونە علي محمود طه "بەپێی گریمانە" دەیەوێت خوێنەر راکێشێ بۆ ناونیشانەکەی و نایەوێت لە سەرەتاوە پێیان بڵێت جۆری چاوەروانیەکە جۆرێکی بێ هوودەیە یان شتی تری هاوتەریب. واتە شاعیر جۆرە پەزڵێك (لغز) بەناونیشانەکە دەدات، بەڵام هەردی بەپێچەوانەوە ئارەزووی درکاندنی جۆری چاوەروانیەکە دەکات بۆ ئەوەی هەر لە سەرەتاوە خوێنەر ئەو ئاسۆی بۆچوونەی لادروست ببێت کەجۆری چاوەروانیەکە بێ هوودەیە. چونکە هەردی رەنگە وا بۆی چوو بێ ئەگەر جۆرەکە دیاری نەکات ، ئەوا رەنگە خوێنەر هەبێت ئارەزووی خوێندنەوەی دەقەکەی نەکات.. بەمانایەکی کورت، علي محمود طه هیچ ئەنجامێکی بۆ ناونیشانەکە دانەناوە،بەڵام هەردی ئەنجامەکەی خستۆتە سەرشانی بەشی یەکەمی ناونیشانەکە کە دواتر باسی لێوە دەکەین..

**دووەم:** بیرۆکەی هەردوو شیعرەکە:

نوسەر دەڵێت "بیرۆکەی هەردوو شیعرەکە یەکە" (6: 25)، بەڵام وەك دەردەکەوێت ئەنجامەکەی پێچەوانەیە. لە شیعرەکەی (هەردی)دا کەسی تاك –منی شاعیر- پاڵەوانی شیعرەکەیە کە بە خەیاڵتی تایبەتی خۆی دەروانێتە" بەرامبەر" بە کۆمەڵێ وەسفی ئێستاتیکای دیوەکانی دەرەوە پیایدا هەڵئەدا وەك بەژن و باڵا، جوانی شێوە، لەش و لار و پوزی نایاب هەروەك لەشیعرەکەداهاتوون.. لێرەدا "بێ هوودەیی" یەکەی شاعیرمان بۆ دەردەکەوێت کەبۆچی بێ هوودەیە، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی زەمەنی هەیە لەنێوان منی شاعیر و تۆی خۆشەویستدا کە تەنها خەیاڵ دەتوانێت پڕیان بکاتەوە ئەگینا لەرووی واقعەوە، وەك دەردەکەوێت لەشیعرەکەدا کەسی دووەم وەك سێبەرێك وایە و جووڵەی نیە بەرامبەر بەکەسی یەکەم – شاعیر – ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جۆری پەیوەندیەکە لەرووی رۆحی و سۆزداریەوە لاوازە و لێرەشەوە جۆری مەبەستێتی شیعرەکە بەدەردەکەوێت کە بریتیە لەوێنە گرتنی کەرەستە جوانەکانی ئافرەت زیاتر لە

**کەرەستە دڵدارییەکان وەك دیالۆگ و لێدانی دڵ بەترسەوە، پەرۆشی بۆ کاتی ژووان و گفتوگۆ نهێنییەکان و زەردەخەنەی لێوی خۆشەویستەکە و بیرکردنەوەی شەوەکان و جووڵە و تێپەربوونی کات و جێگا و گۆشەگیری و تەنیایی و یادگارییەکانی زەمەنی رابردوو. ئەمانە هەمووی ئەوە دەسەلمێنن کە مەبەستێتی بیرۆکەی هەردوو شیعرەکە وەك یەك نین. بەمانایەکی ترشیعرەکەی هەردی لەسیٚ بەش پێك هاتووە:**

**بەشی یەکەم: تەنها (منی شاعیر) بەئاشکرا دیارە و تۆی (خۆشەویست)یش وەك ناوێکی نادیار.**

**بەشی دووەم: جارێکی تر منی شاعیر لەگەڵ خۆیدا دەدوێت و کەوتۆتە گومانی زەمەن و کات و رێژەی خۆشەویستی تۆی نادیار ..تەنها شتێك کەگومانی لێی نەبێت یادگارییەکانە کەپربوو لەپێکەنین و سحری جوانی خەیاڵ و ژوان دواتر جیابوونەوە.**

**بەشی سێیەم: دوای بچراندنی ئەم یادگاریانە بەهۆی کاریگەری زەمەن و داب و نەریتە کۆمەڵاٚتیەکان شاعیر تەنها دەمێنێتەوە و دێتەوە خاڵی سفر وەك ئەوەی هیچ شتێك لەرابردووی واقع و خەیاڵدا رووی نەدابیٚ تا کار دەگاتە ئەوەی شێوەی بەرامبەرەکەی لا کاڵ دەبێتەوە و تەنها رێگەیەك بوونی مابێت یادگارییەکان بوو وە یادگاری وخەیاڵەکانیش لەهەڵبژاردەی شاعیر خۆیەتی. بەم پێیە مەبەستێتی شیعرەکە خۆی لە دابران و نامۆیی دەروونی و خۆشەویستیدا دەبینێتەوە دوای ئەوەی یادگاری وخەیاڵەکان باڵیان بەسەر راستیەکانی ژیاندا کێشابوو...**

**لەبەشی (کات)دا نوسەر دەڵیت: " کات لەهەردوو شیعرەکەدا لەیەکەوە نزیکەو لەیەك دەچن"** (6 :25)**، بەلاٚم هەر زۆر زوو دەکەوێتە هەڵەیەکەوە لە کاتێکدا دەڵێت: "کات" لە شیعری (علي محمود طە)دا "شەوە"، بەلاٚم لەوەی (هەردی)دا "ڕۆژە"** ( 6 :25)**. لەلایەکی ترەوە نوسەر نەهاتووە دەست نیشانی ئەوەمان بۆ بکات: ئایا کات بۆ هەردوو شیعرەکە بۆچی جیاوازە و کامیان باشترە شەو یان رۆژ؟، پاساوی شەو چیە و پاساوی ڕۆژ چیە؟ ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە لەشیعرە عەرەبییەکەدا شەو کاتێکی مەعنویە ، شاعیر وێنەکانی کاتی رۆژی حەشار داوە و لە شەودا ڕەنگی داوەتەوە.. چونکە شەو بەلای رۆمانسیەکانەوە بەڵگەی دەست پێکردن و سەربەستی فیکری و هۆشە، لەبەر ئەوەی لەرۆژدا شتەکان شێوەکانیان دیاریکراوە و ئاشکرایە، بەلاٚم شەو سنوری ئەو شێوە و شتانە دەبەزێنێت و هەوڵ دەدات نهێنی ئەو شێوە و وێنانە ئاشکرا بکات. هەردی لەشیعرەکەیدا پێویستی بە شەو نەبوو، لەبەرئەوەی شاعیر توانی لە رۆژدا هەستەکانی و کارە دەرەکی و سۆزدارییەکەی ئەنجام بدات بەرلەوەی بگاتە کاتی شەو. بەمانایەکی تر لەبەرپەیوەستێتی "من" لەگەڵ "تۆ" لە رێگەی خەیاڵەوە نەك واقع هەردی نەیتوانی وێنەکانی ڕۆژ دوابخات بۆ شەو لەبەرئەوەی رۆژ توانی کاری شەو ببینێت.**

**لەبەشی (شوێن)دا نوسەر بەدڵەڕاوکیٚ وە دەڵێت: "شوێن لەلای علی محمود طە شوێنی چاوەڕانی سەرەڕێگایە هەرچەندە ڕاستەوخۆ ناویشی نەهێناوە"** ( 6 :25–26 )**، واتە لەلایەك نوسەر دەڵێت شوێن سەرە رێگایە و لەلایەکی تریشەوە سەرەرێگا دیارنیە! لەمەش سەیرتر نوسەر دەیەوێت پاساو و بەڵگە بۆ بوونی ئەم شوێنە بە ئارەزووی خۆی بهێنێتەوە و کەزۆر دوورە لەراستی دەقەکەوە وەك دەڵێت: "شوێن لەوەدا دەردەکەوێت کەشاعیر چاوی لەئاست هەموو ئەو شتانەی کەرەت دەبن ئەبڵەق ماوە"** (6 :26)**. . ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شاعیر خۆشەویستەکەی لەسەرە رێگا دیبێت وە هیچ چاوەروانیەکیش لەدەقەکەدا دیارنیە، چونکە شاعیر دەڵێت : " عيناي ترقب كل طيف عابر".**

خۆ ئەگەر نوسەر وشەی (عابر) بەسەرە رێگە لێکبداتەوە ،ئەوا پرسیار دەکرێت کە پەیوەندی وشەی (طیف) بەم (عابر)ەوە چییە؟ چونکە وەك ئاشکرایە (طیف عابر) لە هەموو حاڵەتەکاندا لەخەو و خەیاڵی شەودا کۆدەبێتەوە وە شاعیر (علي محمود طه) پێشتر هەموو جێگاکانی لەشەودا کۆکردبۆوە. بەم پێیە ئەم (طیف عابر)ە دەکەوێتە بازنەی خەیاڵی شەو کە ئەم وێنەیە بەگشتی زۆر باوە لەلای رۆمانسیەکان و لای (هەردی)ش بەئاشکرا ئەم شوێنە دیارە لەکاتێکدا دەڵێت:

لەسەر رێیدا ئەوەستم من هەتاکو ئاوی پێم دایە!

لەڕووی سایکۆلۆژیاوە نوسەر هەر لە سەرەتاوە دەڵێت: "هەردوو شاعیر لەدڵەڕاوکێدا دەژین " (6: 26) لەبەر ئەوەی هەردووکیان خۆیان لەنێو هاتن و نەهاتنی خۆشەویستەکەیاندا دەبیننەوە، کەئەمەش هەروەك نوسەر دەڵێت بارێکی دەروونی خراپی لەسەریان دروست کردووە. ئەگەر سەیری سەرجەم شیعری شاعیرانی رۆمانسی بکەین کەزۆربەی هەرە زۆریان خۆیان لەبازنەی ڕەشبینیدا دەبیننەوە کەخەسڵەتێکی سەرەکی ئەم رێبازەیە ،ئەوا هەر لەزۆر زووەوە هەست بەم جۆرە دەڵەڕاوکێیە دەکەین، بەڵام گرنگ لەوەدایە دەست نیشانی ئەم خاڵانە بکەین کە ئەم دەڵەراوکێیە لەسەر دەروونی شاعیر دروستی کردووە، نەك بەقسەی گشتی شاعیر هەروەك نوسەر لێرەدا کاری تێکراوە. بەمانایەکی تر ئایا تەنها دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی خۆشەویستەکە دەبێتە هۆکارێکی سەرەکی بۆ ئەم دڵەراوکێیە؟ یان ئەو وێنانەی کەشاعیر پێشتر لەلای خۆی کۆی کردونەتەوە و پارستویەتی ئەوە ناگەیەنن کە شاعیر، لەڕێگەی خەیاڵەوە بۆ وێنەی خۆشەویستەکەی زاڵ بێت بەسەر ئەم دڵەڕاوکیەدا ئەوەتا شاعیرخۆی دەڵێت:

سەرنجی رێ ئەدەم رێگا ،هەموو شێوەی ئەوی تیایە
وەکو دونیا لەناو جوانی ئەودا توابێتەوە.... وایە
شنەی با باسی جوانی ئەو بەگوێی مندا ئەچرپێنێ (2: 77).

دوای گرتنی ئەم وێنانە شاعیر هەست بەوە دەکات هێشتا چێژی لە جوانیەکان نەبینیوە و تێر نەبووە لێرەشەوە ناڕەحەتیەکەی بەدەردەکەوێت هەروەك خۆی دەڵێت :

هەموو دەرکەوتنی شۆخێ دڵی من دائەخورپێنێ...

علي محمود طه ش هەر بەم شێوەیە مامەڵە دەکات. وێنەکانی رابردوو و ئێستا بە یەك چاو و هاوێنە سەیر دەکات وەك ئەوەی بڵێت ئێستا درێژبوونەوەی پیشووە و زەمەنیش بەدۆخە سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیەکەوە کاریگەر نابێت بەسەر گۆرینی دۆخە فیکریەکان لە نێگەتیڤەوە بۆپۆزەتیڤ هەروەك شاعیر خۆی دەڵێت:

طال انتظارك في الكلام ولم تزل
عيناي ترقب كل طيف عابر

ويطير سمعي صوب كل مرنة

..............................

وكأننا في الدهر لم نتزاور

...........................

وكأنني ما كنت الفك في الصبا

يوماً ولا كنت الحياة مشاطري

لەبەشی "خود" دا: نوسەر تەنها نیوە دێڕێکی نوسیوە ،کە لەلایەکەوە زۆر گشتی و لاوازە وەك دەڵێت:" لە هەردوو شیعرەکەدا خود ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت شاعیرەکان خۆیان کەسی یەکەمن" (6: 26 )، لەلایەکی تریشەوە نەهاتووە رۆڵی خودمان لەنێو دەقەکاندا بۆ روون بکاتەوە، یان هۆکاری گواستنەوە و جوڵەی خود بۆ خودەکان ...بەر لەهەموو شتێك نوسەر دەبوایە ئاماژەی بەخودی رۆمانسیەکان بکردایە کەلەچینێکی بۆرژواز یان نیمچە بۆرژواز پەیدابوون کەهەمیشە حەزیان دەکرد پشتگیری لەچینەکەیان بکەن و گوێ لەکێشە و گرفتەکانیان بگرن، لەهەمان کاتدا خراپی باری کۆمەڵایەتی و داب و نەریت و گوشاری هێزی دەسەڵات هۆکاربوون بۆ دەرخستنی ئەم خود و سەرچاوانە. بۆنموونە هۆکاری بەدەرخستنی هەردی لەشیعرەکەیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی لاوازی ڕووناکبیر و رۆشنبیری کۆمەڵ و تێنەگەیشتنیان لە چەمکەکانی خۆشەویستی و پیرۆزیەکەی. یان دەگەرێتەوە بۆ خراپی باری داب و نەریت کە هەمیش رێگر بووە لەبەردەم شتەجوانەکاندا، لەوانە مانا ڕاستەیەکەی خۆشەویستی کە لە کۆمەڵگادا وەك پێویست مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە. ئەمانە هەموو وایان کردووە کەخود کەسێتی خۆی لەدەست بدات و هەر جارەی بە راناوێك کاربکات ، یان وایان کردووە شاعیر لاواز بێت نەك تەنها بەرامبەر بەپەیوەندی خۆشەویستیەکەی ،بەڵکو بەرامبەر بە دەرکەوتنەکەی. ئەوتا بەئاشکرا هەردی وەك کار و پیشەی رۆژانەی لەسەر رێی یارەکەی دەوەستێ نەك لەبەر دیالۆگێك ، بەڵکو لەمەش کەمتر بینینێك لە دوورەوە یان بیستنی هەواڵێك.

لەسەر رێیدا ئەوەستم من هەتاکو ئاوی پێم دایە

.................................................

سەرنجی رێ ئەدەم، رێگا، هەموو شێوەی ئەوی تیایە

...................................................

شنەی با باسی جوانی ئەو بە گوێی مندا ئەچرپێنێ ( 2 :77)

لەمانەش زیاتر نوسەر بەهیچ جۆرێك بەشێکی لەدەقەکەی کەم یان زۆر هەڵنەسەنگاندووە تا بزانین کار و کارنامەی خود چیە و لەکوێدایە و چۆن لەبازنەی تێگەیشتنەوە دەگوێزرێتەوە بۆ بازنەی نا تێگەیشتن و لەکامیاندا زیاتر رۆڵی خۆی دەبینێ و کەسێتی خۆی دەپارێزێت یان بەپێچەوانەوە؟.

**له بەشی بەشداریکردنی هەستەکاندا:** نوسەر پێویست بوو بڵێت "جێ گۆرکێی هەستەکان" وەك ئەوەی بیستن کاری بینین ببینێ هەروەك بودلێر بە درێژی لەم بارەیەوە دوواوە. نوسەر هەر لەسەرەتای ناونیشانەکەیەوە بەم شێوەیە لەجێ گۆرکێی شتەکان دەدوێت " علي محمود طه" ئەوەندە بەپەرۆشە بروای بەچاوەکانی ناکات یاخود بڵێین چاوەکانی بەشی ناکات بۆیە پەنا دەباتە بەر گوێ " ( 6: 26) ، کەئەمە لەراستیدا لەکاری جێ گۆڕکێی هەستەکانەوە دوورە. جێ گۆڕکێی هەستەکان بەر لەهەموو شتێك خۆی لەشێوازدا دەبینێتەوە کەئەم جۆرە شێوازە هەر لەسەردەمی رۆمانسیەوە بەشێکە لەتەکنیکی شیعر وە شاعیر بەپێویستی دەزانێت لە نەریتە بلأوەکانی هەستەکان لابدات و هەموویان بەیەك چاو سەیر بکات و لەیەك کاریشدا کۆیان بکاتەوە وەك ئەو شتەی کەبەچاو دەکرێت بەگوێش ئەنجام دەدرێت بەبێ ئەوەی وێنەکە توشی نامۆیی ببێت لەرووی سایکۆلۆژی وسۆسۆلۆژیا و فیکرەوە. بە مانایەکی تر لە جێ گۆڕکێی هەستەکاندا شاعیر دەیەوێت بەیەك رێژە و قەبارە چێژ لەهەستەکان ببینێت بەبێ ئەوەی قورسایی هیچ هەستێکیان بخاتە سەر ئەوی تریان، ئەمە لەکاتێکدا لەکلاسیکدا شاعیر وێنەی هەستەکانی وەك خۆی دەکێشا بەبێ ئەوەی سنووربڕی لەنێوانیاندا بکات... بینینیش بەلایانەوە سەرقافڵەی هەستەکان بوو. بەڵام شاعیرە رۆمانسیەکان بەهۆی تێر نەبوونیان لەڕادەی خۆشەویستییەکەیان پەنایان بۆ سەرجەم هەستەکان بردووە بەبێ جیاوازی. بۆ نموونە گۆران هەر شەش هەستە سەرەکیەکەی لەشیعری "ئاواتی دووری"دا کۆکردۆتەوە و بەکاری هێناون، وە ویستویەتی خۆی لەنێو هەموو هەستەکانیشدا ببینێتەوە و تاقییان بکاتەوە. لەهەستی ژمارە یەك (بینین) بۆ هەستی ژمارە شەش (بێ هۆشی ) وەبەپێچەوانەوە، چونکە جۆری وێنە شیعریەکە بازنەییە لە خاڵی سفرەوە دەست پێدەکات بۆ خاڵی سفر ( 11 :13-15) .

لەلایەکی تریشەوە لە شیعرەکەی "علي محمود طه"دا شاعیر خۆشەویستەکەی نەبینیوە و بەرجەستەی بینینیشی نەکردووە _بەهۆی ئەو هۆکارانەی کەلە "خود"دا باسمان لێوەکرد_تاوەکو بڵێین "بروای بەچاوەکانی نەکات" کەئەمەش ناهەقیە بەرامبەر بەهەستی بینین ..واتە بینین توشی هەرەس نەبووە تاکو پەنابەرێتەبەر گوێ بە پێچەوانەی شیعرەکەی گۆران:

ئەی گوێ زەلیلی چاوم و بەرتۆ پەنا ئەبەم..

بەدەر لەمانە نوسەر لەبەشی "سایکۆلۆجیاوە" کەپێشتر ئاماژەمان پێدا ، ئەم کارەی بەدڵەراوکێی هەردوو شاعیر ناوزەند کردووە کە دەڵێت: "دڵەراوکێکە لە هۆکاری هاتن و نەهاتنی یار وە یان دەرکەوتن و نادەرکەوتنی یار سەری هەڵداوە" ( 6 :26-27)، بەڵام لە هەمان کاتدا بەپێچەوانەوە بۆمان دەدوێت و دەڵێت: "گوێیەکان ئەوەندە هەستیارن لەشنەی باوە جوانی دەبیستن" (6 : 26-27 ). خۆ ئەگەر باوەڕ بەم رستەیە بکەین ، ئەوا دەبێت دڵەراوکێکان نەمێنێ و "بیستن" بتوانێت رۆڵی "بینین" ببینێ و چارەسەری کێشەکان بکات بەمەش شاعیر مەبەستێتی خۆی دەپێکێ کە وانیە!

**لەبەشی بیٚ ئاكامی و چاوەروانی دا** ( 6 :27): نوسەر، هەروەك "علي محمود طه"ش دەڵێت: جەخت لەسەر دابرانی شاعیر و خۆشەویستەكەی دەكات وەك ئەوەی یەكتریان نەدیبێت ،ئەویش بەبەڵگەی ئەم بەیتە:

وكأني ماكنت الفك في الصبا

ويوما ولاكنت الحياة مشاطري

بەڵام ئەگەر وورد بینەوە لەم بەیتە هەست بەوە دەكەین كەئەم دابڕانە دوای پەیوەندییەكی سۆزداری هاتووە. لێرەدا لەسەر نوسەر پێویست بوو لەلایەكەوە دەست نیشانی رێژەی ئەم پەیوەندیە رابردوویەی بكردایە لەگەڵ ڕێژەی كێشەكە . لەلایەكی تریشەوە دەست نیشانی ئەو ماوە زەمەنیەی بكردایە كەلەنێوان شاعیرو خۆشەویستەكەیدا هەیە ، ئەمەش بۆ ئەوەی بزانین ئاستی رێژە سۆزداری و كۆمەڵایەتیەكە چەندە و بۆ چی شاعیر ئەوەندە وورەی ڕووخاوە بەرامبەر بوونی خۆشەویست و قایلە تەنها ببینین یان بیستنی هەواڵێك. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كەبەلایەنی كەمەوە جۆرە پەیوەندیەك هەبووە لەنێوان شاعیرو خۆشەویستەكەیدا ،بەڵام لەلای هەردی ئەم پەیوەندیە بەدی ناكەین هەروەك خۆی لەپێشەكی شیعرەكەدا دەڵێت : پێشكەشی ئەو جوانە نازدارە بێت كەهەموو رۆژێك لەسەر ریێیا ئەچەقیم بیٚ ئەوەی ئاورێكم لێبداتەوە " لەمەش زیاتر نوسەر لەبەرئەوەی كارەكەی بەراووردە پێویست بوو بەراووردی هەردوو حاڵەتەكە بەنموونەی شیعرەكان بكات نەك هەر ئاماژەیەكی گشتی سادە.

لەدوای ئەم ناونیشان و كەرەستانە نوسەر دەیەوێت بەشێوەكی كورت بڵێت كە: " لێكچوونەكان لە نێوان هەردوو شیعرەكەدا گەلێك زۆرە :

- شیعرەكەی "علي محمود طه" زۆر پێش شیعرەكەی دانراوە.
- كاریگەری شیعرەكەی "علي محمود طه" زۆر بەئاشكرا لەسەر شیعرەكەی هەردی دیارە.
- هەردی زۆر وەستایانە سوودی بینیوە رەسەنایەتی بەخشیوە بەشیعرەكەی.
- شیعرەكەی هەردی گەلێك ناسكتر و بەپێزترە"( 6: 27-28).

بۆ وەڵامی ئەم خاڵانە پێویستە بووترێت كە:

- ڕێژەی ئەم لێكچوونە چەندە؟ خۆئەگەر ئەوەندە زۆر بێت ئەوا هەردی چۆن دەتوانێت رەسەنایەتی ببەخشێت بە شیعرەكەی..
- بەڵگەی خاڵی كاریگەرە مێژوویەكەی شیعرەكەی "علي محمود طه" لەسەر شیعرەكەی هەردی كەقوتابخانەی فەرنسی جەختی لەسەردەكات لەكوێدایە؟
- رەسەنایەتی ئەدەبی نەتەوایەتی لەشیعرەكەی هەردی لەكوێدایە؟

بەلای ئێمەوە ئەگەر شیعرەكە وەربگێرینە سەر هەر زمانێكی بێگانە ئەوا هەست بەبوونی ئەو رەسەنایەتیە ناكەین و دەقەكە خۆی لەدەقێكی بێگانەدا دەبینێتەوە بەهۆی زاڵ بوونی توانا و هێزی بایۆلۆجیەتی فەلسەفەی رۆمانسی لەسەر شیعرەكە.

- كەمێژووی شیعرەكەی : "علي محمود طه" دیار نەبێت چۆن بزانین ئەم شیعرە زۆر لەپێش شیعرەكەی هەردی نوسراوە . وەبۆچی نوسەر باسی لەو خاڵە نەكرد كەبۆچی هەردی ناوی ئەپۆلۆی نەهێناوە بەگشتی و"علي محمود طه" بەتایبەتی.

- یان چۆن بگەینە ئەو ئەنجامەی کەشیعرەکەی هەردی ناسکتر و بەپێزترە. لەکاتێکدا ئەگەر بۆچوونەکە راست دەرچوو، ئەوا شیعرەکەی "علي محمود طه" سەرچاوەیەکی فەلسەفی و مەعریفی و شیعریە بۆ شیعرەکەی هەردی... ئیتر چۆن بەئاسانی بەبێ هیچ هەڵسەنگاندنێك لەرووی جوانی و فەلسەفیەوە شیعرەکەی علي محمود طه ناشرین تر بێت لەشیعرەکەی هەردی. تۆبڵێی بەپێی گریمانە هەر لەبەرئەوە بێت هەردی بەزمانی کوردی شیعرەکەی نوسی بێ و علي محمود طه بەعەرەبی.. پسپۆرانی ئەدەبی عەرەبی هاوچەرخ ئاوا بەنێگەتیڤی سەیری شیعرەکەی علي محمود طه ناکەن تا ئاستەکەی کەمتر بێت لەوەی هەردی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەنوسەر بابەتیانە کارەکەی ئەنجام نەداوە، لەلایەکەوە باس لەگەورەیی و سەرچاوەیی علي محمود طه دەکات، لەلایەکی تریشەوە بەمەیلی تایبەتی خۆی بچووکی دەکاتەوە و دەکەوێتە ژێر گوشاری هەستێکی نابابەتیانەی دۆگماییانەوە.

لەشیعرێکی تری علي محمود طه بەناوی "بحيرة كومو" نوسەر بەراوورد دەکات لەگەڵ شیعری "خەرمانەی" هەردی دا بەوپێیەی هەردوو شیعرەکە لەچەند لایەکەوە لەیەك دەچن وەك:

- بیرۆکەی هەردوو شیعرەکە کە بیریتیە لە " نهێنیەکانی ئافرەت (خۆشەویست) "
- پاراستنی نهێنیەکانی خۆشەویستی .
- دەمەتەقێی نێوان من و تۆ. ( 6 :29–30)

بۆ وەڵامی ئەمەش دەشێ بوترێت کە نموونە و وێنەی شیعرەکەی علي محمود طه لە شیعری عەرەبیدا بە _جاهلی و عەباسی و تازە و شیعری نەتەوەکانی تریش_ گەلێك زۆرە. بۆنموونە:

امروء القيس دەڵێت:

یا دار ماوية بالحائل فالسّهب فالخبتين من عاقل
صمّ صداها وعفا رسمها واستعجمت عن منطق السائل ( 3: 16)

لبيد بن ربيعة العامري دەڵێت:

عفت الدار محلها فمقامها بمنىً تأبّد غولها فرجامُها (9 :163)

لەلایەکی ترەوە وێنە شیعریەکەی "علي محمود طه" وێنەیەکی کتوپرە و بەپێی فەزای زەمەنی وێنەکە ئەگەری کاڵ بوونەوەی تێدایە ، بەواتایەکی تر لەپشت ئەم وێنەیەوە وێنەیەکی پەیوەندی رابردووی سۆزداریانەی بەهێز نیە کەئەمەش وەك شیعری بۆنەکان دێنە بەرچاو، کە بۆ ماوەیەك رۆڵی خۆی دەبینێ و دواتر لە چاو وون دەبێت ئەمە بەپێچەوانەی شیعرەکەی "هەردی"ە کەتەنها مەبەست خۆشەویستە راستەقینەکەی خۆیەتی کەپێشتر وێنەکانی لە دەروونی شاعیردا کەڵەکە بوون بەجۆرێك لەراستگۆیی. جگەلەمە شیعرەکەی "علي محمود طه" جەختی لەسەر "چاو" کردووە کەنیشانەی "هەواڵ" لەخۆ گرتنە ، بەڵام لەوەی "هەردی"دا نهێنیەکان لەدڵدا گەمارۆدراوە.. لێرەدا جیاوازیەك دروست دەبێت کە علي محمود طه چاوی کرد بەتۆری نهێنی وهەواڵەکان نەك دڵ کە پسپۆرانی رێبازی رۆمانسی لەسەر ئەوە کۆکن کە شاعیرانی ئەم رێبازە زیاتر مامەڵە لەگەڵ دڵدا دەکەن ، چونکە دڵ دەتوانێت نهێنیەکان بپارێزێت و لە ئامێزیشی بگرێت، بەڵام چاو زیاتر کاری نواندن دەبینێت.

سەبارەت بەدەمەتەقێی نێوان من وتۆ ، ئەمە تەنها پەیوەست نیە بە علي محمود طە و هەردی یەوە ، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری شیعری رۆمانسی خۆیان لەنێوان خود و خودەکان یان من و تۆدا دەبینێتەوە کەئەمە زیاتر خۆی لە تیۆری "هاوکێشەی بابەتی"دا دەبینێتەوە. بۆنموونە گۆران دەڵێت:

پایز پایز
بووکی پرچ زەرد
من مات ،تۆ زیز
هەردوو هاودەرد (11: 163 )

بێکەس دەڵێت:

ئەی مانگ من و تۆ هەردوو هاودەردین
هەردوو گرفتار یەك ئاهی سەردین (4: 151)

جگەلەم دوو شیعرەش، نوسەر ئاماژەی بەدوو شیعری تری علي محمود طە وهەردی داوە بەناونیشانی " قلبي" وە " دڵێکی تێکشاو" بەوپێیەی کاریگەری و لێکچوونی تێدایە.. لەم لێکچوونانە نوسەر ئاماژە بە ئەمانەی لای خوارەوە دەکات:

1. ناونیشانی هەردوو شیعرەکە دەکات کە یەکە.
2. بیرۆکەی هەردوو شیعرەکە دەکات کە یەکە.
3. دڵەڕاوکێ هەردوو دەکات کە یەکە.
4. کۆتایی هەردوو شیعرەکە دەکات کە یەکە. (6 :31-32)

سەبارەت بەخاڵی یەکەم هەردوو ناونیشانەکە وەك یەك نین، یەکەم بە نێوی "قلبی"، دووەم بە نێوی " دلێکی تێکشاو" لەیەکەمیاندا بەهۆی نادیاریکردنەوە نازانین جۆر و ئاستی دڵەکە چۆنە و چەندە؟ بەلاّم لەوەی دووەمیان شاعیر جۆرەکەی ئاشکرا کردووە کە" تێکشاو"وە ، بێگومان بۆ دەرخستن و نادەرخستنی جۆری ئەم هەست و دڵە هەریەکەیان پاساوی خۆی هەیە. لەیەکەمیاندا شاعیر بۆشاییەکی دروست کردووە و لەسەر خوێنەرە بەپێی تیۆری ئاسۆیی پێشبینی(افق التوقع) پری بکاتەوە . یەکێك لەو ئاسۆیانە، شاعیر پەلە ناکات لەدەست نیشانکردنی ئەم جۆرە هەست و دڵە بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەری پێ رابکێشێ یان لەبەر ئەوەیە خوێنەر خۆی بەپێی سیاقی دەقەکە تێی بگات کە جۆرەکە نارەحەتی وتێکشکاویە، یان شاعیر هونەرمەندانە نایەوێت هەموو کاری شیعرەکەی بخاتە ئەستۆی خۆی و دەیەوێت خوێنەریش بەشداربێت .. لەوەی دووەمیاندا شاعیر بەهۆی قورسایی بازنەی خۆشەویستەکەیەوە کێشی هونەری ودەروونی خۆی لەدەست دەدا و هەرچی لەدڵیدا هەیە راستگۆیانە دەیخاتە نێو چوارچێوەی دەق و رستەکانیەوە. وەك ئەوەی نەیەوێت نهێنیەکانی تەنها بەند بێت بەخۆیەوە.. هەر لەسەرەتاوە بۆ هەمووانی ئاشکرا دەکات ..بەڵگەشمان سەرەتای شیعرەکەیە کە بەئێش و ئازار دەست پێ دەکات.. وەسەبارەت بەبیرۆکەی هەردوو شیعرەکە نوسەر دەڵێت: "گێڕانەوەی رۆژانی رابردوو کەویستویانە کۆشکی ئەوین بنیات بنێن ، بەلاّم لەپر بە ئاگادێنەوە کە ئەو کۆشکەی بنیاتیان ناوە بنچینەکەی لمە" (6: 31 ). ئاشکرایە لای هەمووان یەکێك لەخەسڵەتەکانی شیعری

ڕۆمانسی ناکامی و تێکشکاندنی بازنەی سۆزداری و کۆمەڵایەتیە. خۆ ئەگەر وانەبێت ، ئەوا نواندنەکە کۆتایی پێ دێت و ڕێبازەکەش بێ بەها دەمێنێتەوە. لێرەدا ئەم تێکشکاندنە گشتیە و بەڵگەی ئەوە نیە هەردی کاریگەر بووبێت بە علي محمود طه و سوودی لەشیعرەکەی بینیبێت. مەبەستیشمان ئەوەیە ئەم جۆرە بیرۆکانە لای ڕۆمانسیەکان زۆر گشتی و باون کەسیش نەی وتووە ئەمیان لەویانی وەرگرتووە، چونکە بەپێی قوتابخانەی فەرەنسی کە نوسەر ئاماژەی پێداوە، پێویستە دەست نیشانی خاڵی کارتێکردن و کارتێکراو لەرووی مێژووییەوە دیاری بکەین بەڵام نوسەر ئەم خاڵەی دیاری نەکردووە..

سەبارەت بە دڵەراوکێی هەردوو شیعرەکە نوسەر بەهیچ جۆرێك جێگە و ڕێگەی ئەم دڵەراوکێیی لەهەردوو دەقەکەدا دیاری نەکردووە ، بەڵکو تەنها نیو دێری لەسەر ئەم بابەتە نوسیوە کە دەڵێت "لەهەردوو هۆنراوەکەدا دڵەراوکێ بەدی دەکرێت" بەبێ ئەوەی هەڵسەنگاندێکی کردبێت یان دەست نیشانی جێگاکان و بەڵگەکانی کردبێت.

سەبارەت بەکۆتایی هەردوو شیعرەکە نوسەر جارێکی تر بەنیوە دێرێك کارەکەی ئەنجام دەدا و دەڵێت: "کۆتایی هەردووکیان تەنیایی بێکەسیە" (6: 31). کەئەم جۆرە کۆتاییە تەنها پەیوەست نیە بەم دوو شیعرەوە ، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری شیعری ڕۆمانسی خۆی لەم ڕەشبینی و خەیاڵ و یادگاریانەدا دەبینێتەوە . بۆنموونە گۆران لە شیعری " ئاواتی دووری"دا دوای چەندین وێنە و بەکارهێنانی هەستە سەرەکیەکان دێتە سەر خاڵی خەیاڵ و دووردەکەوێتەوە لەراستیەکان لەکاتێکدا دەڵێت :

جورعەی ئەبەد خەیاڵ . (11: 14)

نوسەر، لەدوا قسەی، لەسەر ئەم دوو شیعرە بەبێ هیچ بەڵگەیەك دەڵێت: "هەردی کاریگەریی هۆنراوەکەی علي محمود طه ی بە ئاشکرا پێوە دیارە" (6: 31 ). خۆ ئەگەر نوسەر بەڵگەکەی ئەوە بێت کە علي محمود طه لەپێشەکی شیعرەکەیدا وتوویەتی "اكراه قيثارة الريح على النغم الحزين واللحن الباكي و هو لايزال في روق الشبيبة" (6: 32).کە بەلای نوسەرەوە کاریگەریی لەسەر پێشەکیەکەی هەردی بۆ "رازی تەنیایی" دروست کردووە کە دەڵێت: " دەنگ و ئاوازەی لە تەلی ئەم هەڵبەستانەوە بەرز ئەبێتەوە ئاوازێکی گریاناوی و پڕ لە نائومێدیە کە حەز ناکەم بە من بێ گوێ ی هیچ گەنجێکی کورد بەو چەشنە ئاوازانە بئاخنرێ کە سەرتاپا بۆ ئافرەت و دڵداری ئەلاوێنێتەوە"( 6: 32) ، ئەوا لەلایەکەوە ئەم پێشەکیەی علی محمود طه نابێتە بەڵگە بۆ شیعرەکەی هەردی ، چونکە پێشتر Shelley ئەمەی وتووە کە دەڵێت: " خۆشترین ئاوازو جوانترین گۆرانی ئەو ئاواز و گۆرانیانەیە کە ئێمە دەتوانین ئێش و ئازارەکانمانی پێ دەربڕین" (8: 53) . لەلایەکی تریشەوە بە تەواوی مەبەستێتی هەردوو شاعیرەکە لەپێشەکیانیاندا زۆر جیاوازن . علي محمود طه مەبەستێتی بڵێت ئەو جۆرە شیعرانەی کە ئێش وئازاری تێدایە پێویستە لەگوێی لاوەکاندا بزرنگێتەوە ، بەڵام هەردی نایەوێت لاوەکان وەك خۆی نائومێد بن بۆیە حەز ناکات هیچ گەنجێکی کورد ئاشنابێت بە دڵداری و خۆشەویستی بۆ ئەوەی وەکو خۆی نائومێد نەبن .

لەبەشی "ئیبراهیم ناجی"دا نوسەر جارێکی تر بەشێوازێکی دارشتانەی ئاسایی پێناسەیەکی گشتی ئەم شاعیرە دەکات کەپەیوەندی بەکرۆکی باسەکەوە نیە و ئەو زانیاریانەی کە هێناویەتیەوە لەدەیەها سەرچاوە باسی لێکراوە وهیچ خزمەتێك بەکارەکەی ناکات. دواتر نوسەر ئاماژەی بەدوو هۆنراوەی ناجی و هەردی کردووە بە ناونیشانی "من ن الی ع" و "رازی تەنیایی" کە هەموو بەراووردەکەی بریتیە لەوەی بیرۆکەی هەردوو شیعرەکە لەیەکەوە نزیکن کە بریتیە لەبەسەر چوونی ژیانی رابردوو کە ئەمە یەکێکە لەخەسڵەتەکانی سەرجەم شاعیرانی رۆمانسی بەبێ جیاوازی جێگاو رەگەز. لێرەدا ئەم ئاماژەیە هیچ پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە مەسەلەی کاریگەریەوە نیە.. خۆئەگەر بەشێوە ترادیشنەکەش، بەدەر لەکارتێکردن و کارتێکراو، نوسەر بەراووردی ئەم دوو شیعرەی بکردایە ، ئەوا پێویست بوو دەست نیشانی بنەمای رەشبینی هەردوو شاعیری بکردایە. بۆنموونە بەپێی سەرچاوەکانی ابراهیم ناجی پێویست بوو ئاماژەی بەوە بکردایە کە شاعیر تێکڕا لەدیوانە شیعریەکەیدا چەمکی رەشبینی بەتەواوی زاڵە. ئەم رەشبینیەش لەئەنجامی ئەمانەی خوارەوە هاتووە:

- بیرکردنەوەیەکی قوڵ بەرامبەر بوون و بونەوەر ، هەر لەبەر ئەمەشە بەئاشکرا تێبینی ئەوە دەکرێت کە شاعیر هەمیشە وەك فزولیەك خۆی لەنێو چەندین پرسیاری فەلسەفی بێ وەڵامدا دەبینێتەوە کەتێکرا نیگەتیڤی ئەو وەڵامانە دەرئەنجامی زاڵبوونی ژیانی واقع بەسەر جیهانی یۆتۆبیادایە کە شاعیر نەتوانێ کار لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و سۆزداری خۆی بکات. هەرلەبەر ئەمەشە دەبینین شاعیر چێژی لە ژیانی خێزانداری نەبینیوە پەیوەندیشی لەگەڵ خێزانەکەیدا باش نەبووە، هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ دۆراندنی لەخۆشەویستی یەکەمدا، کەبەهۆی باری خراپی داب و نەریتە کۆمەڵایەتەکانەوە سەری هەڵدا.
- هەڵپەی داگیرکەران بۆ سەر وڵاتەکەی و دەست بەسەراگرتنی مافەکانی ژیانی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بڵاوبوونەوەی هەژاری و ناداری لەنێو خەڵکی و دام ودەزگاکاندا.
- هەڵپەی خەڵکی بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندیە میتریالیزمەکانی خۆیان تەنانەت دەرپەراندنی شاعیر بۆ تاراوگە لەلایەن هەندێك رەخنەگران وەك " العقاد و طه حسین " کەبەشێوەیەکی نادروست رەخنەیان لەیەکەم دیوانی شاعیر گرت و شاعیریش لەئەنجامدا وڵاتی بەجێهێشت بەرەو لەندەن تا لەوێ بەهۆی پێکدادانی لەگەڵ ئۆتۆمبیلدا بە نەخۆشی دەمێنێتەوە و هەر بەو هۆیەشەوە لە میصر کۆچی دوایی کرد (1: 3-4) .

سەبارەت بە"هەردی"ش نوسەر پێویست بوو بەگشتی سەیری شاعیری نەکردایە لەکاتێکدا بەنیوە دێرێك دەڵێت: "هەردیش گوڵی ژیانی بەسەر چوو"، هەر نەبوایە ژیانی شاعیری بکردایە بەدوو بەشەوە ، یەکەمیان ژیانی شیعریەت دووەمیان ژیانی ناشیعریەت (دوای دابرانی لەشیعر) هەروەها نازانین هۆکاری بەسەر چوونی گوڵی ژیانی شاعیر چیە؟ یان بۆ چی ژیانی رابردووی شاعیر هەمووی لێڵی وپر مەینەتی بوو؟

لەلایەکی ترەوە نوسەر هەستی بەوە نەکردووە کەشێوازە دەربرینەکەی (ابراهیم ناجی) بۆ لێدوان لەژیانی مەینەتی شێوازێکی ناراستەخۆیە لەکاتێکدا تەمەنی خۆی وەك سەرابێك نیشان دەدات و هەموو ساتەکانی ژیانیشی بەنامۆیی:

عمري سراب في بقايا سراب
وكل ايامي المواضي اغتراب

بەلاّم لە"هەردی"دا شێوازەکە راستەوخۆیە و وێنەکانی لەرێگەی جێناوەکانەوە بەستۆتەوە بەکەرەستەکانی ناوەوەی خۆی.

لەسەروو ئەمانەشەوە نوسەر بەهیچ جۆرێك دەست نیشانی خاڵی کارتێکردن و کارتێکراوە مێژووییەکەی قوتابخانەی فەرەنسی بۆ ئەدەبی بەراوورد نەکردووە کە نوسەر خۆی بۆ خۆی بەپێویستی دەزانێت هەروەك لەنوسینەکەیدا ئاماژەی پێداوە. هەر لەهەمان لێکۆڵینەوەدا نوسەر ئاماژە بەدوو هۆنراوەی تردەکات بەناوی "رسائل محترقة" ی (ابراهیم ناجی) و "شانزە ساڵ چاوەروانی" هەردی کە هەردوو شیعرەکە بەلای نوسەرەوە لە هەندێ رووەوە لەیەك دەچن. لەوانە:

- بابەتی هەردوو شیعرەکە : بۆ شیعرەکەی (ابراهیم ناجی) نوسەر دەڵێت :"شاعیر باسی ئەوە دەکات کە چۆن یادگارەکانی ڕۆژانی رابردووی لەشەوێکی تاریکدا هاتوونەتە بەرچاو لەپڕ گشت نامەکان دەسوتێنێ. بۆ "هەردی"ش دەڵێت: "تۆماری شانزە ساڵ خۆشەویستی دەخاتە ناو چاڵی سزاوە" ( 6: 33-34). بۆ وەلاّمی ئەم بۆچوونە ، یەکەم: ئەمە تەنها پرۆگرام و ئەنجامی ئەم دوو شاعیرە نیە ، بەڵکو سەرجەم رۆمانسیەکان بەهەمان شێوە چارەنوسی خۆیان تۆمار دەکەن و دەشی فەوتێنن. دووەم: نوسەر نەهاتووە دەست نیشانی ئەو حاڵەتەمان بۆ بکات کە بۆچی (ابراهیم ناجی) نامەکانی خۆی دەسوتێنێ و هەردیش دەیخاتە ناو چاڵی سزاوە، کەدوو فەزای جیاوازن!
- کات: نوسەر نیوە دێرێکی سادەی بۆ ئەم کارە تەرخان کردووە کە نەیتوانیوە جۆری پەیوەندییەکانی کات بەزەمەن و هەست بەکات دیاری بکات ، دەڵێت: "لەهەردوو شیعرەکاندا کات شەوە" (6: 35) .بۆ ئەمەشیان دەشێ بوترێت کە نوسەر ئاگاداری ئەوە نیە کە شەو لای "ابراهیم ناجی" لە ئەو پەری قوڵیەکەیدایە (نیوە شەو) :

في الليلة ليلاء ادقني عصيب ظلامها

بەلاّم لای هەردی سەرەتای شەوە:

کە شەو بەهێواشی باڵی کێشا بەسەر زەمینا..

دیسانەوە ئەم دوو فەزایەی جیاوازە و هەریەکەیان بۆ هەڵبژاردنەکە پێویستیان بە بەڵگەی دەلالی خۆی هەیە کە نوسەر ئاماژەی پێ نەداوە.لەلایەکی تریشەوە ، شەو، بە هەموو ماوەکانیەوە لە شیعری رۆمانسیدا بۆتە زەمەنێکی کراوە و شاعیران تێکرا هەست بەسەربەستیەکی زۆر دەکەن ، لەبەرئەوەی شتەکانی رۆژ جۆرێك لە نارەحەتی تێدایە کە شەو پەردە لەسەر ئەو نارەحەتیانە هەڵدەگرێت و شاعیر ئازادانە بەرەو هەستەکانی ناوەوەی خۆی دەروات و هەوڵی بەرجەستە کردنی ئازارەکانی دەدا تا بتوانێت ئەوەی لە رۆژدا کۆی کردۆتەوە لە ئێش و ئازار لە شەودا بیان رەوێنێتەوە.

گۆران دەڵێت:

تاریکی، تەمی رەشی دڵ و تانەیی سەرچاو
شاباڵی پەخش کردبوو تاکو ئەبەدیەت ( 11: 171)

بەشەو گەشت و گوزاری خاطرات هەروەك شنەی شەوبا
لەرۆحی پڕ تەئەثورما ئەکا سەهرەی خەفەت بەرپا (11: 173)

تاریکە شەویٚ ، نوقمی رەشی جیهرەیی دنیا
دیلی تەمی ئەسرار بوو دەر و دەشتی حەقایق (11: 171)

دیلان دەڵێت:

ئەی شەوە زەنگ ئەی تاریکی ئەی رەشایی شەو
دەی ..باڵی رەش بکەرەوە بۆچاوی بیٚ خەو (5: 139).

الملائكة دەڵێت:

وسرت طيفا حزينا فاذا الكون حزين
فمن العود نسيج و من الليل انين (12: 557).
جلست اناجي سكون المساء
وارمق لون الظلام الحزين (12: 577).

لەرووی سایکۆلۆژیاوە: نوسەردەڵێت: "هەردوو شاعیر رەش بینین لەجۆری پەیوەندییە خۆشەویستیەکەیان ، وە دەیانەوێت لەو خۆشەویستە بیٚ ئاکامە رزگاریان بێت ناخی دڵی خۆشی دەخاتە ناو ئاگرەکەوە.. "هەردی"ش یادگاریەکانی خۆی دەنێتە ناو چاڵی سزاوە " (6: 35). بۆ جارێکی تر دەڵێین: ئەم جۆرە هەڵوێستانە لەنێو شاعیرانی رۆمانسیدا زۆر باوە و تەنها پەیوەندی بەیەك و دووەوە نیە.. لەلایەکی ترەوە نوسەر نەهاتووە رێژەی هەڵچوونە دەروونیەکەی هەردوو شاعیر دیاری بکات تابزانین ئایا بۆ چی دڵی خۆی و یادگارەکانی دەخاتە ئاگرو هەردیش تەنها یادگارەکانی بۆ چاڵی سزا بیٚ ئەوەی بیر لەسوتاندنی بکاتەوە؟لەهەمان کاتدا نوسەر دوای ئەم باسکردنانەی بەبیٚ هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی بۆ خاڵی کارتێکردن و کارتێکراوی هەردوو دەقەکە دەڵێت: "دیارە لەرووی مێژووەوە شیعرەکەی ناجی لەپێش شیعرەکەی هەردی دانراوە ، کاریگەریەکەشی بەئاشکرا دیارە" (6: 35).کەئەمە زۆر دوورە لە راستیەکانی رێبازی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراوورد.

لە هەردوو شیعری شاعیردا بە ناونیشانی "العبث" و "رازی تەنیایی" نوسەر جارێکی تر بەچەند وشەو و رستەیەك کۆتایی بەلێکۆڵینەوەکەی هێناوە، بۆ ئەم دوو شیعرەش تەنها دەڵێت: "بیرۆکەی هەردوو شیعرەکە نائومێدی و رەشبینیە" (6: 36) کەچەند جارێك ئەوەمان روون کردۆتەوە تێکرا شاعیرانی رۆمانسی سەر بەم گروپە نائومێدی و رەشبینیەیە ، تەنها کارەکە پەیوەست نیە بە ابراهیم ناجی تابڵێین کاریگەریی خستۆتە سەر هەردی ، لەلایەکی ترەوە چۆن بیسەلمێنین کە هەردی کاریگەرە بەم شیعرە لەکاتێکدا بەئاشکرا بینیمان کە نوسەر پێشتریش باسی

کاریگەری شیعری "من ن الی ع" ابراهیم ناجی لەسەر هەمان شیعرەکەی هەردی " رازی تەنیایی" کردوە! یان چۆن بزانین هەروەك نوسەر خۆی دەڵێت: "شیعرەکانی هەردی زۆر جوانتر بۆ مەبەست چووە و توانیویەتی بەشێوازێکی زۆر جوان وشە ناسکەکان بهۆنێتەوە. ئەو بیرۆکەیەی کە وەریگرتووە بەشێوەکی وا بتوێنێتەوە لەناو بۆچوونەکانی خۆی رەسەنایەتیەکیان پێ ببەخشێت" (6: 36). ئەم تێڕوانین و بۆچوونانە بۆ ئەمڕۆکەی جیهانی لێکۆلینەوەی ئەکادیمی و زانستی زۆر دوورە و بۆ هەر خاڵێك پێویستە نوسەر بەپێی یاسا رەخنەیی و ئەدەبیەکان هەڵسەنگاندنی ووردی خۆی هەبێت تا بتوانرێت ئامانجی لێکۆڵینەوەکە بەرەو پۆزەتیڤ بەرێت.

سەبارەت بە **"هەردی" لەنێو کەوانەی وەرگرتن و داهێناندا:** بەپێی ئەم لێکۆلینەوەیە هەردی بمانەوێت یان نا کەوتۆتە نێو دوو کەوانەی سەرەکیەوە: یەکەمیان :وەرگرتن بەرێژەیەکی زۆر ، دووەمیان: داهێنان بەرێژەیەکی زۆر . کەئەمە لۆجیك بەئاسانی پێی قایل نابێت.. بۆ یەکەمیان ئەگەر چی هەردی هەموو شیعرەکانی خۆی لا خۆشەویستە و شانازی و داهێنانی شاعیر لەو شیعرانەدا بەدی دەکرێت کە نوسەر هەموویانی خستۆتە ژێر کاریگەریە هەرەزۆرەکەی (علی محمود طە و ابراهیم ناجي) وە، وەك ئەوەی بڵێت ئەگەر شیعری ئەم دوو شاعیرە عەرەبە نەبووایە ، ئەوا هەردی بوونی لەو شیعرانەی سەرەوەدا نەدەبوو. چونکی نوسەر لەبەراووردەکەیدا خاڵێکی نەهێشتۆتەوە بۆ داهێنان ، هەر لەناونیشان و بیرۆکە و کات و شوێن و سایکۆلۆژیا وخود و هەستەکان و دووبارەبوونەوەی وێنەکان تا دەگاتە ئەنجامی مەبەستێتی و بیرۆکەی شیعرەکانی ،بەلأم نەهات شتێك لەسەر داهێنان و رەسەنایەتی شاعیر بنوسێت کە لێرەدا رەنگە مەبەستێتی ئەم لێکۆلینەوەیە تارادەیەك بەدەر بکەوێت ئەویش بە کەمکردنەوەی هێز و توانا و داهێنانەکانی "هەردی". وەك ئەوەی بڵێت هێزی هەردی پەیوەستە بەهێزی ئەم دوو شاعیرە عەرەبە یان بەگۆران و ابراهیم احمد و شاعیرانی تاراوگەی عەرەب بە نموونەی "الرابطة القلمیة و العصبة الاندلسیة".

لێرەدا ئێمەش نامانەوێت لەهێز و توانای ئەم شاعیرە عەرەبانە کەم بکەینەوە کەخاوەن ئەزموونێکی گەورەی شیعرین ئەگەرچی ئەمانیش بەپێی هەموو سەرچاوەکانی خۆیان ولێکۆڵەرەوان سوودێکی زۆریان لەدەرەوەی بازنەی ئەدەبیاتی عەرەبی وەرگرتووە بەتایبەتی رۆمانسیەتی ئینگلیزی.

سەبارەت **بەداهێنانەکانی "هەردی"ش:** نوسەر پێویست بوو ، هەر وەك تیۆرەکانی ئەدەبی بەراوورد داوای لێ دەکات کە جیاوازی و لادانەکانی هەردی دەست نیشان بکات ، چونکە کەس لەرەخنەگرانی جیهان نوکوڵی لەبوونی کارتێکردن و کارتێکراو ناکات ، کەم و زۆر شاعیرانی جیهان کەوتونەتە ژێر کاریگەریەوە، بەلأم لەهەمان کاتدا دەست نیشانی ئەوە کراوە کە ئەم شاعیرانە چەند سوودیان لەم کاریگەریە بینیوە بۆ بنیاد کردنی داهێنانێك کە پەیوەستە تەنها بەخودی شاعیران خۆیانەوە. بۆنموونە ئەگەر بمانەوێت داهێنانی هەردی لەشیعری " چاوەروانی بێ هوودە"دا بەدەر بخەین بەرامبەر شیعری " الانتظار" ی علي محمود طە ، ئەوا بەپێی تیۆری ئاسۆیی پێشبینی (أفق التوقع) دەبین جوانی شیعرەکەی هەردی لەوەدایە کە شاعیر تەنها بەبینین و بەبێ پەیوەندی جەستەیی چێژی لە خۆشەویستیەکەی بینیوە کە بەپێچەوانەی شیعرەکەی "علی محمود طە"یە کە زیاتر شیعرێکی چیرۆك ئامێزەو پەیوەندییە جەستەییەکانی بەئاشکرا

بەسەریەوە دیارە. لێرەدا "هەردی" وەك كوردێك، ویستویەتی هەستی كەسێتی كۆمەلاَیەتی كۆمەڵگاكەی رابگرێت كە لەوكاتەدا ئەو جۆرە پەیوەندیە جەستەییە و گەران و ژووان مەنەلوگەی نێوان هەردوو خۆشەویست كارێكی ستەم بووە. هۆكارەكەشی بەشێوەیەكی سەرەكی دەگەرێتەوە بۆ خراپی باری كۆمەلاَیەتی و رۆشنبیری و داب و نەریت.هەر لەبەر ئەمەشە هەردی ویستویەتی ئەو ماوەیەی كە هەیە لەنێوان خۆی و خۆشەویستەكەیدا دوور بخاتەوە بۆ ئەوەی لەلایەكەوە ناوی خۆشەویستەكەی لەنێو خەڵكیدا نەزرێنێ ، لەلایەكی تریشەوە قورسایی و گوشاری دەروونی نەخاتە سەر خۆشەویستەكەی .بۆ پركردنەوەی ئەو بۆشایی وماوەیە شاعیر هەستاوە بە چەند وەسفێكی هەستیی خۆشەویستەكەی، بەلاَم بەبێ ئەوەی زیانێكی زۆر بدات لەهەستە كۆمەلاَیەتی و دەروونیەكەی خۆشەویست:

ئەگەر چی وەك خەیالَی من عەبا دەوری لەشی داوە
لە ئەندام و لەش و لاری بلَند و رێكی ... ئالاَوە
بەلاَم كاتێ كە با چمكی عەباكەی لائەدا ، تاوێ
ئەرێژێ پووزی نایابی ، لەسیحری خوایی ، لافاوێ (2: 78)

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كەهەردی وەك لاوێكی عەجولی سەرگەرم بەخەیالاَتی خۆشەویستی دەیەوێت بەزووترین كات و ماوە بەدەر لەدبلۆماسیەتی كلاسیكی خۆشەویستی وە بەهەلَچوونێكی زۆر قولَ و فراوانەوە كارەكەی ئەنجام بدات ، كەئەمە بەپێچەوانی شیعرەكەی علي محمود طه یە كە شاعیر زۆر هێمنانەوە بەبێ هەلَچوون مامەلَە لەگەلَ فەلسەفەی خۆشەویستیدا دەكات ، هەربۆیە نەفەس و ژمارە و بەیتەكانی درێژترە لەشیعرەكەی هەردی. بەم پێیە نوسەر خۆشی نازانێت چۆن مامەلَە لەگەلَ وەرگرتن و داهێنانی هەردی دا دەكات. لەلایەكەوە كاریگەری و وەرگرتن ، لەلایەكی تریشەوە داهێنان ورەسەنایەتی. ئەنجامی سەرجەم بەراووردەكەش بەچەپ و راستی كاریگەریەكی زۆر و داهێنان و رەسەنایەتی هێناوەتەوە. لە كورتە عەرەبیەكەشدا بەئاشكرا دەلَێت رۆمانسیەتی هەردی " تتميز بجمع الخواص التي تمتاز بها الرومانسية العالمية" (6: 40). خۆ ئەگەر كار وەهابێت ئەی تەنها بۆچی (علي محمود طه و ابراهيم ناجي) لەهەردی قووت كردۆتەوە! یان دەلَێت: " هردي كعالم متذوق للجوانب البلاغية والجمالية اثر فيه الشعرالعربي و بالاخص شعر شعراء جماعة ابولو"( 6 :40) . ئەگەر بابەتیانە بروانینە ئەم وتەیە دەپرسین زانایەتی هەردی لەئەنجامی چیەوە هاتووە؟ قوتابخانەی ئەپۆلۆیە یان سەرچاوەی تر..یان دەلَێت: "بعيدا عن التعصب نرى اشعار هردي ارق من اشعار جماعة ابولو من ناحية الالفاظ واللهجات و الصياغة و الموسيقى الشعري" ( 6 :40). جارێكی تریش بابەتیانە و بەبێ بەراوورد و هەلَسەنگاندن چۆن بزانین شیعرەكانی "هەردی" لە هەموو روویەكەوە جوانترە لە شیعری هەموو شاعیرانی ئەپۆلۆ، نەك تەنها "علي محمود طه و ابراهيم ناجي".

**لەبەشی ئەنجامدا :** نوسەر چەند ئەنجامێكی ریزبەند كردووە كەم یان زۆر سادەن یان پێشتر وتراوە .بۆ نموونە دەلَێت: "هەردی شاعیرێكی رۆمانسیە". لەراستیدا ئەمە پێشتر زانراوە و بریاری

لەسەر دراوە کە "هەردی" لەبەشێکی هەرە زۆری شیعرەکانیدا حەزی کردووە مامەڵە لەگەل فەلسەفەی رۆمانسیدا بکات ، چونکە ئەم رێبازە زیاتر نزیکە لە بیر و هەستەکانیەوە.یان دەڵێت: "هەردی کەوتۆتە ژێر کاریگەی شاعیرانی کورد وەك (گۆران و ابراهیم احمد) کە شاعیر خۆی پێشتر لەلێدوانێکدا ئەمەی ئاشکرا کردووە جگە لەوەی کەسانی تریش پێشتر ئاماژەیان بەم کاریگەریە کردووە.. نوسەر پێویست بوو بۆچوونەکەی هەردی بقۆزێتەوە و بیخاتە ژێر هەڵسەنگاندنەوە بۆ ئەوەی بزانرایە تاچەند هەردی سودی لە (گۆران وابراهیم احمد) بینیوە. ئەگەرچی باسی نوسەر کاریگەری ئەپۆلۆیە ،بەلاّم وێنەکانی (گۆران) گەلێك نزیکترە لەم قوتابخانەیە کەهەردی خۆی بۆ خۆی بەهیچ جۆریك ئاماژەی بەکاریگەری ئەم قوتابخانەیە نەکردووە.ئەوەتا نوسەر لە ئەنجامەکەیدا دەڵێت: "وێنەکانی –ناجی وهەردی– ئەوەندە لەیەکەوە نزیکن هەروەك یەك بن وایە" (6: 38).بەمانایەکی تر هەروەك پێشتر ئاماژەی پێکراوە لێکۆڵینەوەکەی نوسەر لە دەرەوەی سنور و بازنەی قوتابخانەی فەرەنسی ئەنجام دراوە ،گەرچی نوسەر دەیەوێت بەزۆرە ملێی بیخاتە ژێر بەرنامەڕێژی ئەم قوتابخانەیەوە کە بەڵگەی کارتێکردن و کارتێکراوی بە مەرج گێراوە، هەر لە ئەنجامەکەدا خەیام قووت بۆتەوە کە هیچ پەیوەندیەکی بەسەر باسی لێکۆڵینەوەکەوە نیە ، چونکە خەیام لە باسەکەدا بەشێوەیەکی ئاماژەیی خێرا هات و رۆیشت کەئەویش لەجێگای خۆیدا نەبوو وە پێویستی نەدەکرد.

**سەرچاوەکان**


1. أحمد زياد محبك ، شاعر الاطلال أبراهيم ناجي ، جريدة الاسبوع الادبي ، العدد 965 ، 2005/7/9.
www.awn-dam.org/aleshouh
2. ئەحمەد هەردی ، ڕازی تەنیایی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، 1984.
3. إمروء القيس ، الديوان ، تحقيق محمد أبو الفضل إبراهيم ، الطبعة الرابعة /دار المعارف ، القاهرة 1958
4. بێکەس ، دیوان ، چاپی دووەم ، چاپخانەی الادیب ، بەغدا ، 1980.
5. دیلان ، دیوان ، چاپخانەی ئەسعەد ، بەغداد 1969.
6. سەردار ئەحمەد حەسەن ، رۆمانسیەتی هەردی و کاریگەریی کۆمەڵەی ئەپۆلۆ، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی ، بەشی B ژ.16 کانونی یەکەم 2005.
7. عبدالسلام سالار ، دایلۆگ ، رۆژی 2006/6/1 .
8. علي أدهم ، على هامش الادب والنقد ، دار الفكر العربي ، القاهرة.
9. لبيد بن ربيعة العامري ، الديوان ، دار صادر ، بيروت ، 1966.
10. كريم الوائلي ، الرومانسية الصوفية وإبداع القصيدة عند صلاح عبدالصبور www.arabiancreativity.com
11. گۆران ، دیوان ، بەرگی یەکەم ، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق ، بەغدا ، 1980.
12. نازك الملائكه ، الديوان ، المجلد الاول ، دار العوده ، بيروت.

A.M.K.AL-Zubaidi, The Diwan School, Journal of Arabic literature, volume 1, Leiden J. Brill, 1970.